# ڕۆڵی سیاسیی کاپتن (دبلیو. ار. هی) لە شاری هەولێر

# ١٩١٨ ـ ١٩٢٠

پ. د. مەهدی محەمەد قادر

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/هەرێمی کوردستان- عیراق

## پوختە:

بەریتانیەکان پەیرەوی سیستەمێکی تایبەتیان کرد بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ ـ ١٩١٨) و دوای جەنگیش داگیریان کرد. حاکمی سیاسیی لە لیواکان و یاریدەدەری حاکمی سیاسیان بۆ بەڕێوەبردنی قەزاکان دامەزراند. کاپتن هی ڕۆڵێکی سەرەکی لە وەرگرتنی هەولێر لە هێزەکانی عوسمانی بینی و چەند ڕۆژێک مایەوە و چەند کارێکی سەرەتایی تێدا ئەنجامدا. لە حوزیرانی ١٩١٩ فەرمانی دامەزراندنی وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسیی لە هەولێر بۆ دەرچوو و لە تەمموزی هەمان ساڵا دەست بەکار بوو و بەردەوام بوو تا جێهیشتنی شارەکە لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ .

کاپتن هی ڕۆڵێکی دیاری لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەریتانیەکان لە هەولێر و دەوروبەری بینی بە تایبەتی لە بەڕێوەبردنی شارەکە و ڕۆڵێکی دیاریشی لەبنیادنانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دۆستەکانی بەریتانی لە شارەکە و دەوروبەری بینیوە و بە توندی دژی نەیارەکانی وەستاوەتەوە، و توانی بە سەر نەیارەکانی سەرکەوێت لە شارەکە دوای ئەوەی هەولەکان لە ئارادا بوون بۆ راپەرینێک لە دژی بەریتانیەکان ونەهێشتنی دەسلاتەکەی و سزای ئەوانەی دا کە دژی بەریتانیەکان بوون.

***وشە سەرەکیەکان: دبلیو. ار. هی، هەولێر، کوردستان، بریتانیا، ویلایەتی مووسڵ.***



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## پێشەکی:

جەنگی یەکەمی جیهانی ( ١٩١٤ ـ ١٩١٨) دوای ڕێکەوتنامەی مۆدرۆس لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان کۆتایی هات، لە ئاکامدا هێزە هاوپەیمانەکان ناوچەیەکی فرەوانیان کە لە ژێر دەسەلاتی دەولەتی عوسمانیدا بوو داگیر کرد، ناوچەکانی باشوری کوردستانیش وەك بە شێک لە ویلایەتی مووسل لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکان دوای وەستانی جەنگەکە داگیرکرا.

بەریتانیەکان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە داگیراوەکان پەیرەوی سیستەمێکی تایبەتیان کرد کە شارەکان (لیواکان) حاکمی سیاسیی تێدا دامەزراند و یاریدەدەری حاکمی سیاسی بۆ قەزاکان دیاریکران، هەولێریش کە یەکێک بوو لە قەزاکانی سەر بە ویلایەتی مووسڵ یاریدەدەری حاکمی سیاسی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی شارەکە بۆ دیارکرا.

کاپتن هی یەکێکە لە ئەفسەرە سەربازییەکانی بەریتانی هەر لە سەرەتای وەرگرتنی شارەکە لە عوسمانیەکان و دواتر لە بنیادنانەوەی هێزی سوپایی و پۆلیس و لیڤی و کارگێری فەرمانگەکان ڕۆڵی دیاری بینی و لە ماوە فەرمانرەواییەکەی کە نزیکەی سالێک و نیوێکی وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی و دواتر حاکمی سیاسی خایاند، ڕۆڵی بەرچاوی لە رووی سیاسییەوە بینیوە بە تایبەتی لە کاتی هەڵسانەوەی شارەکە لە رووی بەریتانیەکان.

کاپتن هی پەیوەندی بە تینی لە گەل ناوداران و سەرۆك هۆزەکانی هەولێر و پیاوانی ئاینی شارەکە هەبوو، یەکێکە لەو کەسایەتیە سیاسیی و سەربازییانەی تێکەل بە مێژووی سیاسیی هەولێر بووە لە سالانی داگیرکاری بەریتانی و لە ماوەی حوکمرانییەکەی لە هەولێر لە چەند وێستگەی گرنگی ژیانی سیاسیی ڕۆڵی گرنگی تێدا گێراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەر پێک دێت، تەوەری یەکەم، ڕۆڵی ناوبراو لە وەرگرتنی شارەکە لە عوسمانیەکان دەخاتەروو، تەوەری دووەم، تایبەتە بە ژیاننامەی کاپتن هی، تەوەری سێیەم، ڕۆڵی کاپتن هی لە ڕێکخستنەوەی کارگێری بەریتانی لە هەولێر، تەوەری چوارەم، هەلوێستەکانی بەرامبەر بە نەیار و دۆستانی بەریتانیەکان لە هەولێر و دەوروبەری دەخاتەروو، تەوەری پێنجەمیش تایبەتە بە ڕۆڵی کاپتن هی لە دامرکاندنەوەی هەڵسانەوەی هەولێر لە دژی بەریتاینەکان لە ئەیلولی ١٩٢٠، و توێژینەوەکە بە دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی کاپتن هی لە وەرگرتنی شاری هەولێر لە عوسمانیەکان

بەریتانیەکان دوای داگیرکردنی (عێراق)[١] بە مەبەستی بەڕێوەبردن بۆ سەر (١٣) یەکەی بەڕێوەبردنی سەرەکی دابەشکرا، هەر یەکەیەکیش لە ژێر فەرمانڕەوایی حاکمی سیاسی بوو کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیار بوو بەرامبەر ڕێپێدراوی شارستانی لە بەغداد. هەر یەکەیەکی سیاسیش یەك یان دوو یەکەی (پاشکۆ)ی لەخۆدەگرت لە ژێر فەرمانڕەوایی یاریدەدەری حاکمی سیاسی بەڕێوەدەچوو کە بەرپرسیارە بەرامبەر حاکمی سیاسیی، لە هەموو ناوچە داگیرکراوەکان یاریدەدەری حاکمی سیاسی سەربەخۆییەکی تەواوی هەبوو[٢].

کاپتن هی دوای تەواو بوونی ئەرکی یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە قەزای مەندەلی لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨، بە مەبەستی دەست بەکاربوونی وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسیی لە ئالتون کۆپری (پردێ) لە ٣ی تشرینی دووەم دەگاتە ئەو شارۆچکەیە[٣]، لە ٧ی هەمان مانگ لە لایەن حاکمی سیاسی کەرکوك (مێجەر نۆئیل)[٤] کە ڕێنوێنی سیاسیەتی ناوچەکانی باشوری کوردستانی دەکرد بانگهێشتی کەرکوك دەکرێت، بۆ ئەوەی پرسی ئیدارەی قەزای هەولێر لە گەلیدا تاوتوێ بکات و هەر لەم دیدارەدا مێجەر نۆئیل بۆ وەرگرتنی قەزای هەولێر لە سوپای عوسمانیەکان رایدەسپێرێت کە بەرەو هەولێر بچێت و یاداشتێکی پێدەدات بۆ ئەوەی رادەستی فەرماندەی ئەو هێزەی عوسمانیەکان بکات کە لە هەولێر مۆلگەیان دانابوو[٥]. کاپتن هی بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکاریەکەی (مێجەر نوئێل) لە ٩ی هەمان مانگ بەرەو هەولێر بەرێدەکەوێت، بەر لە گەیشتنی بە هەولێر شەوەکەی لە لای (محمود یابە) لە گوندی (گۆپتەپە)[٦] بەسەر دەبات. ڕۆژی ١٠ی تشرینی دووەم بەر لە ڕۆیشتنی لە گوندی گۆپتەپە بەرەو هەولێر ئەمباری (گەنم و جۆ) لە گوندەکە کە لە لایەن چەند جەندرمەیەکی تورکەوە پاسەوانی دەکرا وەردەگرێت و بۆ پاراستنی بە شێوەیەکی کاتی بە (عەلی ئاغا)ی دەسپێرێت و خۆشی بە یاوەری ئەفسەرێکی بەریتانی لە هێزی یەکەی (سوارە/ ١٢) و دوو فەرمانبەری پۆستە بەرەو هەولێر بەرێدەکەون[٧].

دوای گەیشتنی کاپتن هی بە شاری هەولێر لە لایەن سەرۆکی شارەوانی (ئەحمەد عوسمان)[٨] کە پێشتر لە لایەن (مێجەر نۆئیل) ئاگادار کرابۆوە بە هاتنی ناوبراو پێشوازی دەکرێت و دواتر دەچێتە سەرای حکومەت کە دەکەوێتە سەر قەلای شارەکە، هەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ (کاپتن هی) سەردانی سەربازگەی هەولێر لە ڕۆژئاوای شارەکە دەکات و یاداشتی جێهێشتنی شارەکە کە لە لایەن حاکمی سیاسیی کەرکوك (مێجەر نۆئیل) بۆ فەرماندەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سوپای عوسمانی رەوانە کرابووە پێیدەدات و داوای لێدەکات بە پێی ڕێکەوتنی ئاگر بەستی (مۆدرۆس)[٩] شارەکە رادەستی بەریتانیەکان بکات، دوای ڕەزامەندی فەرماندەی سوپای عوسمانی بە پاشەکشە کردنیان لە هەولێر بەرەو دیاربەکر، (کاپتن هی) کاروباری سیاسیی و کارگێری و سەربازی شارەکە وەردەگرێت[١٠]. هەر لە هەمان ڕۆژدا (کاپتن هی) کە یەکێک لە ئەفسەرە تورکەکان هاوەڵی دەکات کۆگا و ئەمبارەکانی دانەوێلە کە لە ناو گۆرستان و مەزارەکانی شارەکە شاردرابوونەوە وەردەگرێت[١١].

دوای تەواو بوونی ئەرکی وەرگرتنی شارەکە (کاپتن هی) لە یەکەمین کاریدا لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لە بالەخانەی قائمقامیەت (سەرای . دار الحکومە)[١٢]، لە گەل ناودارەکانی هەولێر کۆدەبێتەوە و باس لە هاتنی بەریتانیەکان و ئامانجەکانیان بۆ ئامادەبوان روون دەکاتەوە، هەروەها پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هاتوون بۆ ئەوەی لە ژێر زوڵم و چەپۆکی عوسمانیەکان رزگاریان بکەن[١٣].

کاپتن هی لە ماوەی ئەو چوار ڕۆژەی کە وەك حوکمرانی هەولێر دەمێنێتەوە لە رووی کارگێرییەوە ئەحمەد عوسمان وەك سەرۆکی شارەوانی دەهێڵێتەوە و لە هەمان کاتدا وەك یاریدەدەری فەرمانڕەوای شارەکە دەیناسێنێت و ئەمەش بە مەبەستی پاراستن و بەکارهێنانی ناوبراو لە پێناو بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە شارەکە. لە لایەکی تر بڕیاری دا بە گەڕانەوەی فەرمانبەرانی شارەکە بۆ سەر کارەکانیان لە فەرمانگەکانی حکومەت و بڕیاری دا بە زیادکردنی موچەکانیان بۆ دوو بەرامبەر کە ئەمەش هەنگاوێک بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئەو کارمەندانە بەلای خۆیان[١٤].

ماوەی حوکمرانی یەکەمی (کاپتن هی) لە شاری هەولێر درێژەی نەکێشا دوای ئەوەی بە بروسکەیەك ئاگادارکرایەوە کە بگەڕێتەوە بۆ سەر کاری پێشوی لە ئالتون کۆپری و نەقیب مۆری بە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی لە هەولێر دامەزرا و لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ گەیشتە هەولێر و کاروباری بەڕێوەبردنی شارەکەی رادەستکرا[١٥].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەری دووەم: ژیاننامەی کاپتن هی

(ولیم روبرت های) ناسراو بە (کاپتن هی)، لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٨٩٣ لە وولاتی بەریتانیا لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٢٥ ژیانی هاوسەری لە گەل (سیبیل ابرام) پێکهێناوە خاوەنی سێ کور و دوو کچە[١٦]. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی بە سەرکەوتویی تەواو کردووە تا گەیشتنی بە قۆناغی زانکۆیی لە هەردوو زانکۆی برادفیلد و (ئۆکسفورد)[١٧] خوێندویەتی. گرنگی بە فێربوونی زمانەکان داوە جگە لە شارەزایەکی تەواوی لە زمانی ئینگلیزی وەك زمانی دایک لە ولاتی هیندستان فێری زمانی فارسی دەبێت و دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩١٧ لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دێتە عێراق لەو ماوەیەی کە لە عێراق دەمێنێتەوە فێری زمانی عەرەبی دەبێت و بە رادەیەکی کەمیش لە زمانی تورکی گەیشتوە و قسەی پێکردووە[١٨]. خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوە بە ناونیشانەکانی (دوو سالا لە کوردستان . Tow Years In Kurdistan) کە لە شاری لەندەن لە ساڵی ١٩٢١ چاپکراوە[١٩]، دووەمیان، ( ولاتانی کەنداوی فارسی . The Persian Gulf states) لە ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن پەیمانگای رۆژهەلاتی ناوەراست لە واشنتۆن چاپکراوە[٢٠].

کاپتن هی لە ساڵی ١٩١٤ دوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی زانکۆ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو دەکات لە گەل یەکەی (دۆرسیتس ١ / ٤) لە رێگای دەریایەوە دەچێتە هیندستان و لەوێ بەرپرسێتی فەوجی (دۆرسیتس)ی پێدەسپێردرێت[٢١]، دوای وەرگرتنی پلەی لێپرسراوێتی سەربازی لە سوپای هیندی بەریتانی لە ولاتی هیندستان رۆڵی خۆی دەبینێت. لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەردەوام لە رێزەکانی سوپای بەریتانی خزمەتی کردووە، دوای ئەوەی دەچێتە سوپای هیندی پەیوەندی بە یەکەی بیست و چوارەمی "بنجابیە" دەکات و لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٦ لە فەرمانگەی روپێوی سەربازی دامەزراوە[٢٢].

سەرەتای کاری سیاسیی و سەربازی لە عێراق لە کانونی یەکەمی ١٩١٥ دەست پێدەکات دوای ئەوەی لە هیندستانەوە دەگوازرێتەوە بۆ عێراق و لە نزیک ناوچەی (حننە) لە نزیک (شێخ سەعد)[٢٣] دەمێنێتەوە، بەلام بە هۆی پەرەسەندنەکانی جەنگ لە ناوچەکانی خوارو و رۆژهەلاتی عێراق لە نیسانی ١٩١٦ بریندار دەبێت و دەگەرێتەوە بۆ ولاتی هیندستان[٢٤].

دوای مانەوەی ساڵێک لە ولاتی هیندستان لە ساڵی ١٩١٧ بۆ جاری دووەم لە گەل دووبارە دروستکردنەوەی (یەکەی بەنجابیەکان) دەگەرێتەوە بۆ عێراق و تا حوزەیرانی ١٩١٧ لە شاری بەسرا دەمێنێتەوە و لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا وەك کارمەند لە (بەرێوەبەرایەتی مەدەنی) دادەمەزرێت، دواتر دەبێتە یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە قەزای مەندەلی تا ١ی تشرینی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دووەمی ١٩١٨ لەوێ دەمێنێتەوە[٢٥]. لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ وەك یاریدەدەری حاكمی سیاسی لە ئالتون كۆپری دەست بەكار دەبێت و هەر لە سەرەتای دەست بەكاربوونی هەوڵ دەدات دام و دەزگا حكومیەكانی ناوچەكە دابمەزرێنێتەوە كە لە سێ ناحیە پێكهاتبوو، هەروەها دامەزراندنی هێزێكی چەكدار لەو كەسانەی كە گونجاو بوون بۆ ئەم مەبەستە، لە سەر رێنمایی كردنی (مێجەر نوئێل) موە هەوڵی ئەوە دەدات كە سەرۆك هۆزەكان نزیك بكاتەوە لە حوكمرانی كردن و فەرمانبەرە توركەكان و جەندرمە گەندەڵەكان دووربخاتەوە[٢٦]. یەكێك لە كارە گرنگەكانی پێدانی قەرزی كشتوكاڵی بووە بە جوتیارانی ناوچەكە بەرامبەر چەند مەرجێكی ئاسان و هانی جوتیارانی داوە بۆ وەرگرتنی ئەو قەرزە[٢٧]. لە١٣ی كانونی یەكەمی ١٩١٨ بە مەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشەی كە بە هۆی هێرشی هۆزی پیران بۆ سەر شارۆچكەی كۆیە دروست بووە سەردانی كۆیە دەكات و لە ١٥ی هەمان مانگ حوكمرانی شارەكە وەردەگرێت و هێمنی بۆ شارەكە دەگەرێنێتەوە دوای ماوەیەك ئیدارەی شارەكە بە(حەمە ئاغا)ی كۆیە دەسپێرێت[٢٨]. لە ساڵی ١٩١٨ پلەی سەربازی بۆ (مولازم) بەرز دەبێتەوە[٢٩]. لە ١٢ تشرینی دووەمی ١٩٢٠ وەك حاكمی سیاسی لە هەولێر كۆتایی بە كارەكەی دێت[٣٠].

كاپتن هی دوای تەواو بوونی ئەركەكانی لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ وڵاتی هیندستان و لە چەند فەرمانگەیەكی فەرمی ئەو وڵاتە درێژە بە كارەكانی دەدات، لە ساڵی ١٩٢٠ لە وەزارەتی كاروباری سیاسی حكومەتی هیندستان دادەمەزرێت. لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨ دەبێتە بریكاری سیاسی ناوچەی وەزیرستانی خواروو، لە ساڵانی ١٩٢٨ ـ ١٩٣١ وەك یاریدەدەری دەسەڵاتداری ماردان دادەمەزرێت، لە ساڵانی ١٩٣١ ـ ١٩٣٣ دەبێتە بریكاری سیاسی لە مالاكاند. لە ساڵی ١٩٣٣ وەك راوێژكاری كۆمیسیۆنی بەریتانی لە كابول دیار دەكرێت، لە ساڵانی ١٩٣٦ ـ ١٩٤٠ دەبێتە جێگری سكرتێری حكومەتی هیندستان بۆ بەرێوەبردنی كاروباری دەرەكی، و لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ ـ ١٩٤١ نیشتەجێی وەزیرستان دەبێت، لە ساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٢ وەك نیشتەجێی بەریتانیەكان لە كەنداوی عەرەبی دەمێنێتەوە و لە ساڵانی ١٩٤٢ ـ ١٩٤٣ دەبێتە نیشتەجێی بریكاری دادوەری لە بلوشستان و لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٦ دووبارە دەبێتەوە بە نیشتەجێ و بریكاری گشتی لە بلوشستان. هەروەها بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٤٦ دەبێتەوە بە نیشتەجێی بەریتانی لە كەنداوی عەرەبی و لە ساڵی ١٩٥٣ دوای خانەنشین بوونی دەگەرێتەوە بەریتانیا. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ ـ ١٩٦١ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ( Doeset ـ دورست)[٣١] و لە ٣ی نیسانی ١٩٦٢ لە شاری وایمس مردووە[٣٢].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی کاپتن هی لە ڕێکخستنەوەی کارگێڕی بەریتانی لە هەولێر

کاپتن هی دوای بەسەربردنی مۆڵەتەکەی لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە ڕێگای حەلەب گەیشتەوە شاری مووسڵ و هەر لەو کاتەی کە هێشتا لە مووسڵ بوو فەرمانی ئامادەبوونی لە هەولێر پێدەگات بۆ وەرگرتنی ئەرکی یاریدەدەری حاکمی سیاسی و لە ٣ی تەمموز بە مەبەستی وەرگرتنی ئەرکە تازەکەی دەگاتە هەولێر[٣٣].

کاپتن هی دوای گەیشتنی بە هەولێر ڕاستەوخۆ حوکمرانی شارەکەی وەرنەگرت بەلکو بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ لە گەڵ نەقیب مۆری پێکەوە دەبێت بەڵام وەك خۆی لە یاداشتەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات کە "هەولێر نوێنێکی لە گوڵ نەبوو"[٣٤]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەلکی هەولێر هاوهەڵوێست نەبوون بەرامبەر داگیرکردنی شارەکە لە لایەن بەریتانیەکان بەلکو بە هۆی بوونی نەیارانی بەریتانی لە شارەکە (کاپتن هی) هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ هەولێر وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە گەڵ نەیارەکانی ڕووبەرووی یەکتر دەبنەوە.

هەولێر بە پێی سیستەمی کارگێڕی دەولەتی عوسمانی لە کاتی هاتنی بەریتانیەکان یەکێك بووە لە قەزاکانی سنجەقی شارەزوور سەر بە ویلایەتی مووسڵ[٣٥]. یەکە کارگێڕییەکانی ( ویلایەتی مووسڵ) بریتی بوو لە سێ لیوا و(١٤) قەزا و(٣٣) ناحیە و(٣٢٠٧) گوند[٣٦]. کاپتن هی هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ هەولێر لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ و وەرگرتنی شارەکە لە هێزەکانی عوسمانی دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی دام و دەزگا حکومیەکان و کارگێڕی شارەکە، دوای وەستانی خوێندن بە هۆی ڕووداوەکانی جەنگەوە سەر لە نوێ بڕیاری کردنەوەی قوتابخانەکان درا و داوای کرد کە فەرمانبەرەکان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان لە دام ودەزگا حکومیەکان[٣٧].

کاپتن هی دوای ئەوەی وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە هەولێر دەست بەکار بوو یەکێك لە دیارترین کارەکانی لە ڕووی سیستەمی کارگێڕی یەوە کە ئەنجامی دا بریتی بوو لە گۆڕینی هەولێر لە قەزایەکی سەر بە کەرکوك بۆ لیوایەکی نیمچە سەربەخۆ ئەمەش دوای ئەوەی کە (مستر بل) حاکمی سیاسی مووسڵ پێشنیارەی ئەوەی کرد کە هەولێر بکرێتە لیوایەکی سەربەخۆ و هەردوو قەزای (کۆیە و ڕواندز) لەخۆ بگرێت، کاپتن هی بە یاوەری سەرۆکی شارەوانی (ئەحمەد عوسمان) سەردانی بەغدایان کرد بۆ ئەوەی ئەم پێشنیارە بخەنە بەردەم فەرمانڕەوای گشتی بەریتانی لە عێراق (سێر ئارنۆڵد وێلسن)[٣٨]، کە لە سەرەتادا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕەزامەندی لە سەر دەرنەبری بەڵام دواتر بریار درا کە ببێتە موتەسەرفیە بەمجۆرە لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ هەولێر بووە موتەسەرفیەیەکی نیمچە سەربەخۆ[٣٩].

کاپتن هی هەولێ دا ژیانی ئاسایی لە شارەکە دەست پێبکاتەوە، دامودەزگا حکومیەکان دەستیان بە کارەکان کردەوە و فەرمانبەران گەرانەوە سەر کارەکانیان و ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی ئینگلیزی لە شارەکە دامەزراند بۆ بەرێوەبردنی کاروباری شارەکە بە تایبەتی ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندی راستەخۆی بە خۆی هەبوو وەك پۆستە و گەیاندن و دادگا کە رۆژانە خۆی سەرپەرشتی سەرجەم ئەو داواکاری و سکالایانەی دەکرد کە لە لایەن خەلکی هەولێر و دەوروبەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێشکەشە دەکرا[٤٠]. کاپتن هی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر خۆی سەرپەرشتی کارەکانی نەکردبوایە لە لایەن فەرمانبەرە گەندەلەکان پشتگوێ دەخران هەر بۆیە رۆژانە هەموو ئەو کەسانەی بینیوە کە کاریان لە لای هەبووە.

هەر بە مەبەستی ئاگاداربوونی لە کارەکانی شارەکە و ئالوگۆر کردنی بیروراکان و راوێژکردن ئەنجومەنێکی لە پیاو ماقولان و ناودارانی هەولێر پێک هێنا کە لە یاداشتەکەی بە "پەرلەمان" ناوی بردووە، هەر یەك لە ( مەلا ئەفەندی، ئەحمەد پاشا دزەیی ، محەمەد ئەفەندی . موفتی شار، عەبدوللا پاشا ئەلنەقیب، رەشید ئاغا وەیس ئاغا، عەلی پاشا دۆغرەمەچی) تێدا بەشدار بوون[٤١]. هەروەها ئەنجومەنی شارەوانی لە شارەکە هەبوو ئەرکەکانی شارەوانی جێبەجێ دەکرد و سالانە کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدا و پێشنیارەکانی دەربارەی تێچوون و خەرجی و چاکسازی و گۆرانکارییەکان دەخستەروو[٤٢].

سەبارەت بە کۆکردنەوەی باجەکانی حکومەت خۆی سەرپەرشتی کردووە روپێوی سەرجەم زەوییە کشتوکاڵییەکانی سنوری ئیدارەکەی کردووە و رێژەکانی داهات دیاری دەکات لە گەل ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی کۆکردنەوەی داهات لەوانەش "خواجە سێبێ عەنکاوەیی" سەردانی نزیکەی (٣٠) گوند لە ناحیەی قوشتپە دەکات بە مەبەستی خەملاندنی رێژەی بەرهەمەکان و باجەکان بۆ کۆکردنەوەیان[٤٣]. هەر وەك لە یاداشتەکەیدا دەنوسێت :

" دوای ئەوەی کێشەی دزەییەکانم یەکلایکردەوە، ئیدی هەموو سەرنجی خۆم خستە سەر مەسەلەکانی داهات، چونکە مەسەلەکان لەسەر خەملاندنی گەنم بە شێوەیەکی ترسناك تێکپچرژابون، داهاتەکان زۆر بوون، بەلام رون و ئاشکرا دیار بوو کە خەملێنەران، حسێبە تایبەتیەکەی خۆیان تۆمار نەکردبو، بەلکو ئەو شتانەیان تۆمار کردبوو کە ئاغاکان پێیانوتبوون یان ئەو شتانەیان بەرامبەر بەرتیلێک کە پێیاندرابو تۆمار کردبو" [٤٤].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەبارەت بە پەیرەو کردنی یاساش کە زۆربەی یاساکانی سەردەمی عوسمانی بوون وەك خۆیان مابوونەوە کاپتن هی کۆمەڵێک لە پیاوانی پۆلیس یاریدەدەری بوون کە ژمارەیان (٣٥) پۆلیس بووە لە ژێر فەرماندەیی (میستەر رۆپێنیز) کە لە پیاوانی هەوڵگری بەریتانی بوون[٤٥]، لە گەڵ نزیکەی (١٥٠) ژەندرمە کە (عەریف کینارد) راهێنانی بۆ کردبوون[٤٦] و دواتر بە (سەید عەلی ئەفەندی) کە عەرەبێکی سوری بوو سپێردرا و دواتر (چارلس لیتلدیل) سەرپەرشتی کردنی پۆلیسی شارەکەی لە ئەستۆ گرت[٤٧]. سەرەرای ئەوەش کاپتن هی پەیوەندییەکی توند و تۆلی لە گەڵ کریستیانەکان و جوەکان هەبوو زۆر جار بە جیا پێشوازی لێیان دەکرد و هەوڵی دا کە کرستیانەکانی گوندی عەنکاوە لە خۆی نزیک بکاتەوە و چەند کەسیان وەك پاسەوانی خۆی چەکدار دەکات [٤٨]، هەر بۆ بەهێز کردنی دۆستەکانی خۆی لە شارەکە هەوڵی داوە کە تۆی دوو بەرەکی لە نێوان پێکهاتەکانی شارەکە بچێنێت بۆ ئەوەی هیچ جۆرە یەکگرتنێک لە نێوانیان دروست نەبێت کە دژی بەریتانیەکان بوەستنەوە[٤٩].

لە لایەکی تر کاپتن هی هەوڵی داوە هێزە عەشائیرییەکان لە ژێر فەرماندەیی خۆی رێک بخات بۆ بەکارهێنانیان لە بەرامبەر نەیارەکانی لە کاتی پێویستیدا هەر بۆیە هەوڵی رێکخستنی هێزی هەردوو هۆزی (دزەیی و خۆشناو) دەدات لە دژی هۆزی سورچیەکان[٥٠]. هەر لەو کاتەدا کاپتن هی دەکەوێتە هەوڵی پێکهێنانی هێزێکی تر لە هەولێر بە مەبەستی سزادانی سورچیەکان و بکوژانی هەر یەك لە (مستەر بیل ) و (نەقیب سکوت) کە سەرۆك عەشیرەتەکان بەڵێنی هاوکاری پێدەدەن ، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری پێکهێنانی هێزیکی (٢٠٠) کەسی بۆ بەغداد دەکات و دوای رەزامەندی ئەو هێزە لە هەولێر لە ژێر فەرماندەیی نەقیب لیتلدیل بە ناوی (هێزی لیڤی)[٥١] دادەمەزرێت[٥٢].

کاپتن هی لە بەرامبەر ئەو دلسۆزی و پشگیری و پاراستنەی بەرژەوەندییەکانی بەریتانی لە هەولێر بری (١٧٠ روپیە)[٥٣] تەرخان دەکات بۆ لایەنگرەکانی خۆی لە سەرۆك هۆزەکان بەلام بەشێک لە سەرۆك هۆزەکان کە بە سیاسەتی کاپتن هی رازی نەبوونە و ئەو پارەیان رەتکردۆتەوە[٥٤]، هەروەها لە رێگای پێدانی زەوییە کشتوکاڵیەکان بە سەر دەرەبەگەکان گوێرایەڵی بەشێکی تر لەو هۆزانەی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات[٥٥]. کاپتن هی هەر لەسەرەتای هاتنی بۆ هەولێر بە شێوەیەکی ژیرانە مامەلەی لە گەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی شارەکە دەکات و هەول دەدات خۆی نزیک بکاتەوە لە سەرۆك هۆزەکان چونکە دەیزانی ئەوان کاریگەریان بەسەر رووداوەکان هەیە و دۆستایەتی و نزیکی ئەوان دەبێتە هۆی دڵنەوایی خۆی و مسۆگەر کردنی ئامانجەکانی لە جێبەجێکردندا.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## تەوەری چوارەم: پەیوەندییەکانی کاپتن هی لە گەڵ خەڵکی هەولێر

کاپتن هی هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ هەولێر لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئەو راستیەی بۆ دەرکەوت کە دوو ئاراستەی دژ بە یەك لە هەولێر هەیە بەرامبەر داگیرکردنی شارەکە لە لایەن بەریتانیەکان. بۆ جاری دووەم کە وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی دیار کرا، لە رۆژی ١٣ی تەمموز ١٩١٩ دوای تەواو بوونی ئەرکەکەی (نەقیب مۆری) هەولێر جێدەهێڵێت و کاپتن هی لە هەمان رۆژدا بەرێوەبردنی شارەکە دەگرێتە ئەستۆ، هەر بۆیە لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەی هەوڵی دا نەیار و دۆستەکان لێک جیابکاتەوە. بۆیە دەکرێت پەیوەندییەکانی ناوبراو لەم قۆناغە تازەیەدا بە دوو جۆر دیار بکەین.

### یەکەمیان: پەیوەندییەکانی لە گەڵ دۆستەکانی لە هەولێر و دەوروبەری.

کاپتن هی هەستی بە بوونی ئەو دوو ئاراستە لێک جیاوازە کرد کە لە بەرامبەر داگیرکردنی شارەکە هەبوو(٥٦)، هەر بۆیە هەوڵی دا پەنای ئەوانە بدات کە لە گەڵ سیاسەتەکەی دەگونجێن و دەبنە هۆی پتەوکردن و جێبەجێ کردنی ئامانجی بەریتانیەکان، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی دا سود لەو کەسایەتیانە وەربگرێت کە کاریگەریان لەسەر دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەری هەیە وەك پیاوانی ئاینی و سەرۆك هۆزەکان و ئاغاکان کە توانی ژمارەیەك لەو کەسایەتیانە بەلای خۆیدا رابکێشێت(٥٧). لە کاتی دروست بوونی هەر کێشەیەك هەوڵی داوە چارەسەری بکات بۆ پاراستنی هێمنی شاری هەولێر، هەر بۆیە لەو کاتەی کێشەی هەندێ لە ئاغاکانی دزەیی"ئەحمەد پاشا دزەیی و ئیبراهیم ئاغا و پیرداود ئاغا" کە بە هۆی خەملاندنی رێژەی باج لە گەڵ فەرمانبەرانی حکومەت لە سەردەمی نەقیب مۆری روو دەدات، کاپتن هی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات چونکە پێشتر ئاغاکان یاداشتێکی نارەزایی پێشکەش بە یاریدەدەری حاکمی سیاسی دەکەن بەلام کێشەکە چارەسەر نابێت(٥٨). چونکە دوای گەیشتنی نوسراوەکە بە نەقیب مۆری بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەکە داوا دەکات نوسەرانی ئەو یاداشتە سەردانی هەولێر بکەن بەلام ئاغاکان بە هەنجەتی ناتەواو ئەو داوایەیان رەتکردەوە و لە هەمان کاتدا ئاگادارکردنەوەیەکی توندیان بۆ رەوانە کرا بەلام ئەوان بە گیانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو فەرمانە لەسەر هەڵوێستی خۆیان مانەوە(٥٩)، کاپتن هی هەوڵی دا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات رۆڵی خۆی تێدا ببینێت بۆ ئەم مەبەستەش داوای ئامادەبونی ئاغاکانی کرد کە لە هەولێر ئامادەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەلام نەیارانی بەریتانیەکان لە ناوەوەی شار نێردراویان نارده لایان و هانی ئاغاکانیان دا کە سەردانی هەولێر نەکەن بە بیانوی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوەی دەستگیر دەکرێن[٦٠]، لە ناوەوەی شاریش بارودۆخەکە ئارام نەبوو پروپاگەندە لە دژی بەریتانیەکان سەریهەڵدا بوو و ڕێکخراوی نهێنی هەبوو چالاکیان لە دژی بەریتانیەکان ئەنجام دەدا[٦١]. و زۆربەی فەرمانبەرانی حکومەت کە لە ناوچەی دەشتی هەولێر ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکرد بە هۆی ناکۆکیان لە گەڵ هەندێک لە ئاغاکانی دزەیی پۆستەکانیان جێهێشت[٦٢].

کاپتن (هی) لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لە گەڵ یەکێک لە فەرمانبەرانی حکومەت بە ناوی (ئەنوەر ئەفەندی) لە گوندی (مێرخوزار)[٦٣] سەردانی سەرۆك دزەییەکان دەکات و هەر یەك لە (ئیبراهیم ئاغاو ئەحمەد پاشاو پیرداود ئاغا) دەبینێت و ڕەزامەندییان وەردەگرێت کە ڕۆژی١١ی تشرینی دووەم بۆ ووتوێژکردن و چارەسەرکردنی کێشەکەیان سەردانی مالی (مەلا ئەفەندی) لە گوندی باداوە بکەن[٦٤]، بەلام ئاغاکان ئامادە نابن بێن بۆ هەولێر تا ئەو کاتەی نەقیب مۆری بە فەرمی ئەرکەکەی تەواو دەبێت و شارەکە جێدەهێلێت، بەلام ئەو کات (کاپتن هی) وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی مەرجەکانی بەسەریاندا دەچەسپێنێت و لە ڕێگای هەر یەك لە (مەلا ئەفەندی و ئەحمەد عوسمان )ەوە ئاگاداریان دەکاتەوە سزاکەشیان بریتی بوو لە پێدانی (٢٠٠) تفەنگ و(١٥٠٠) لیرەی عوسمانی[٦٥]، دوای پابەند بوونی ئاغاکان بە سزاکەی کاپتن هی و هاتنی هەر یەك لە "ئیبراهیم ئاغا و رسول ئاغا و ئەحمەد پاشا و پیرداود ئاغا" بۆ لای کاپتن هی کێشەکە کۆتایی دێت[٦٦]. دوای چارەسەرکردنی کێشەی ئاغاکانی دزەیی پۆستی ناحیەکانی دەشتی هەولێر هەر بە ئاغاکانی دزەیی دەسپێرێت بە تایبەتی ئیبراهیم ئاغای دزەیی کە وەك سەرۆکی دزەییان دەیناسێنێت و کاپتن هی یارمەتیەکی زۆری دەدات و بەلای خۆیدا رایدەکێشێت چونکە گرنگی و کاریگەری پێگەی ئاغاکانی دەزانی بۆیە دەیویست لە خۆی نزیکیان بکاتەوەو دۆستایەتی کردن و لە چەند بۆنەشدا خەلاتی کردوون[٦٧]، جێگای ئاماژەیە کە هەندێک لە ئاغاکان لەوانەش (پیرداود ئاغا و ئەحمەد پاشا) ئەو پۆستانە ڕەتدەکەنەوە کە کاپتن هی بۆیانی دیاری دەکات و دواتر لە بەرەی دژایەتی بەریتانیەکان دەردەکەون[٦٨]. جەمیل ئاغای گەردی کە هاوسۆزی یاخیبونی دزەییەکان نەبوو دۆستایەتی خۆی بۆ کاپتن هی راگەیاند و سەردانی کرد و لە بەرامبەر ئەوەدا کاپتن هی وەك دۆست و ڕێزلێنان سەردانی دەکات[٦٩]. تایەر ئاغای هەرکیش بەلێنی وەفاو دۆستایەتی بە کاپتن هی دەدات و ئامادەیی خۆشی بۆ هەر یارمەتیەك کە پێویست بکات دەرخست لە هەر کاتێکی پێویستدا، ئەحمەد بەگی زراریش بە هەمان شێوە پەیوەندییەکی باشی لە گەلیدا هەبوو کاپتن هی بە دۆستی خۆی داناوە[٧٠].

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لە گەڵ چین و توێژەکانی شارەکە پەیوەندییەکی ئاسایی هەبوو لە گەڵ فەرمانبەرانی حکومەت و بە تایبەتی ئەوانەی کاری ڕۆژانەی لە گەلیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەبوو زۆر باش بووە وەك فەرمانبەرانی پۆستەو گەیاندن و باج ، هەورەها لە گەڵ خەڵکی بازار پەیوەندی ئاسایی بووە و ڕێزی لە داب و نەریتەکانی هەولێر گرتووە بۆ نمونە لە کاتی جەژنەکاندا پەیرەوی ئەو داب و نەریتەی دەکرد کە لە لای خەڵکی شارەکە پەیرەو دەکرا، لە ڕۆژی یەکەمی جەژندا لە شوێنی تایبەتی خۆی پێشوازی لە خەڵکی شارەکە بە شێوەی دەستە دەستەی جیاواز دەکرد و شیرینی پێشکەش دەکردن و خۆشی سەردانی ئەو مالانەی دەکرد کە مەبەستی بووە. هەروەها هەموو ڕۆژانی هەینی و یەکشەممە کە پشوی بووە پیاوماقولانی شارەکەی بینیوە و سەردانیان کردووە و دەربارەی کاروبارەکانی شار لێکۆلینەوەیان کردووە و بواری ئامادەبوانی داوە کە سەرنجەکانیان بخەنەروو تا ڕاوێژی بابەتەکان بکەن، زۆربەی ئەو کەسانەی لەم دانیشتنانە ئامادە دەبوون ( مەلا ئەفەندی، عەلی پاشا ، ڕەشید ئاغا، سەید عەبدوللا پاشا، محەمەد ئەفەندی. موفتی هەولێر ) لە گەڵ چەند کەسایەتی تر کە پلەو پایەیان لەوانە کەمتر بوو[٧١]. پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ شێخ مستەفای نەقشبەندی هەبووە چەند جار سەردانی کردووە و سوپاسی هەلوێستەکانی کردووە کە لە کاتی پشێویەکانی هەولێر هەیبووە بە تایبەتی لەو کاتەی نەیارەکانی بەریتانی هەوڵی هێرش بۆ سەر هەولێر دەدەن بەلام شێخ مستەفا بە فتوادان ئەو هەوڵە ڕیسوا دەکات و داوای هاوکاری لە گەڵ حکومەت دەکات، و لەکاتی تەواو بونیشی لە ئەرکەکەی کاپتن هی سەردانی دەکات بە مەبەستی مالئاویی لێکردن[٧٢]. بەلام لە هەڵس و کەوتیدا تەنانەت بەرامبەر دۆستەکانیشی بە شێوەیەکی شکۆمەندییەوە خۆی دەرخستوە، بە جۆرێک بوو کە هەر کاتێک بە هەر شوێنکدا تێپەر بوایە دەبوو بەرامبەری هەڵسنەوە، هەروەها لەو کاتانەش لە گەڵ دۆستەکانیش دەکەوتە قسە ئەو کەسانە بۆیان نەبوو دەنگ بەرامبەری بەرز بکەنەوە[٧٣]. بەلام لە کاتی بۆنە تایبەتیەکانیشدا وەك نەخۆشی سەردانی دۆستەکانی کردووەو پێداویستی چاك بوونەو پزیشك و دەرمانی ڕەوان کردووە بۆیان و بەشداری لە ماتەمینیەکاندا کردووە بۆ سەرەخۆشی سەردانیانی کردووە[٧٤].

## دووەمین : هەڵوێستی بەرامبەر نەیارەکانی لە هەولێر و دەوروبەری.

سەبارەت بە نەیارەکانی لە هەولێر و دەوروبەری کاپتن هی دەیزانی کە هەر چەندە هەولێر تا ڕادەیەك شارێکی هێمن دیارە بەلام هەر لە سەرەتادا شارێك نەبوو بە ئاسانی کارگێری بەریتانیەکان تێیدا بچەسپێ چونکە مانەوەی چەند سەدەیەك لە حوکمرانی عوسمانیەکان ببووە هۆی دروست بوونی پێگەو لایەنگرو هەژموونیان لە شارەکە چ لە ڕێگای بەخشینی پلە وپایە و پاداشتەوە بێت یان بە هۆی سۆزی ئاینیەوە کە خەلکیان وا تێگەیاند بوو کە دەولەتی عوسمانی تەواو کەری گەیاندن و پاراستنی پەیامی ئیسلامە[٧٥]، ئەمە سەرەرای ئەوەی ژمارەیەك لە سەرۆك


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

هۆزەکان و پیاوانی ناسراو و ئەو کەسایەتیانەی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت بوون بە ووریایی مامەلەیان لە گەل بەریتانیەکان دەکرد بە تایبەتی ئاغاکان و سەرۆك هۆزەکان، ئەم رەوشە سیاسییە تا رادەیەك ئەرکی کاپتن هی گران کرد بوو چونکە بەمجۆرە نەبوو کە ئەو مەبەستی بوو، بەلام ئەو لە مامەلە کردنی لە گەل نەیارەکانی هەردەم بە توندی وەستاوە و بە چەند جۆریش سزای داون ئەنجا ئەو سزادانە بە شێوەی تاکە کەس بێت کە چەند جارێک ئەنجامی دا یان بە شێوەی کۆمەل بێت هەر وەك لە گەل هەندێ لە هۆزەکان پەیرەوی کرد یان بەرامبەر کەسایەتیەکان و پیاو ماقولانی شارەکە بێت ئەمەش بە روونی لە سیاسەتەکەی دەردەکەوت، بەلام لەو کاتانەش کە دەسەلات و پێگەی لاواز بووە لە شارەکە هەولی داوە خۆی وادەرنەخات بەرامبەر نەیارەکانی[٧٦].

هەر لە سەرەتاکانی دەست بەکار بوونی وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی کێشەی کوشتنی یەکێک لە پیاوەکانی ئینگلیز لە ٩ی تەمموزی ١٩١٩ روو دەدات کاتێک ئینگلیزەکان بۆ بەسەربردنی شەو خەریکی یاری و رابواردن دەبن لەو تیاترۆیەی کە دایانمەزراند بوو،لەو کاتەی کە(یونس سەعید ئاغا) و چەند کەسێک لە هاورێکانی ئامادەی ئەم شوێنە دەبن، بەلام لەو کاتەی لە گەل ئینگلیزەکان گرژی دەکەوێتە نێوانیان ئینگلیزەکان هەولی ئەوە دەدەن کە دەست درێژی بکەنە سەریان بەلام ئەوان ئەمە قەبول ناکەن و لە ئەنجامی رووبەروبونەوەیان یەکێک لە پیاوانی ئینگلیز بە ناوی (میپوین)[٧٧] دەکوژرێت و یەکێکی تریش بە ناوی عەریف (کینارد) و (یونس ئاغا) بریندار دەبن[٧٨]. ئەم رووداوە دەنگانەوەی بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە بەریتانیەکان چۆن مامەلە لەگەل خەلکی هەولێر دەکەن، لقی مووسلی (کۆمەلەی عەهد)[٧٩] لە ١٤ی ئابی ١٩١٩ نامەیەکی تایبەت دەنێرێتە شام کە بارەگای سەرەکی کۆمەلەکەی لێبووە و ئەم هەوالە لە بارەگاکەی رادەگەیەنێت دەربارەی رەفتارەکانی بەریتانیا لە شاری هەولێر کە تێیدا هاتووە:

"... بەر لە چەند رۆژێک ئینگلیزەکان لە هەولێر سەعید ئاغا وکورەکەی و ژمارەیەك هاورێیانیان بە تۆمەتی کوشتنی چاوەشێکی ئینگلیز و بریندار کردنی دوو پۆلیس و دوو جەندرمە گرت، یەکێک لە پۆلیسەکان ئینگلیز و ئەوی تریان عێراقیە، هەروەها ژمارەیەك لە پیاوەکانی سەعید ئاغاش بریندار بوون، ئەو هەرایە لە سەر ئەوە بوو کە رۆژێک لەوە پێش چاوەشەکە لە تیاترۆ لە کوری سەعید ئاغای داوە و گەلێک جنێوی ناشرینی پێداوە...."[٨٠].

کاپتن هی بە مەبەستی بەدواداچوون لە رووداوەکە خۆی لێکۆلینەوە لە رووداوەکە دەکات، دوای پشکنینی ئەو مالانەی کە شوێنی گومان بووە (یونس ئاغا) بە برینداری لە رۆژی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١٠ ى تەمموز دەستگیر دەكریت، بەلام ( ئەحمەد ئەفەندى) كە فەرمانى دەستگیركردنى هەبوو روو لە ناوچەكانى دەرەوەى هەولێر دەكات. بەلام سەبارەت بە چارەنوسى (عەبدوڵلا ئەفندى) كە خەلكى كۆیە بوو بە هۆى دۆزینەوەى دەمانچەیەك لە مالەكەى لە كاتى پشكنیندا وەك بكوژى (میپوین) لە لایەن كاپتن هى تاوانبار دەكریت و فەرمانى لەسێدارەدانى دەدریت لە مانگى ئەیلول سزاكەى جێبەجێ دەكریت كە لە راستیدا تەنها ئامادەى شوێنەكە بووە هیچ پەیوەندى بە كوشتنى(میپوین) نەبووە و(سەعید ئاغا)ش حوكمى(٥) سالا زیندانى و( یونس ئاغا) ش حوكمى هەتا هەتایى بە سەردا دەدریت[٨١]، بەلام دواى دامەزراندنى یەكەمین حكومەتى نیشتمانى كاتى لە ٢٧ى كانونى یەكەمى ١٩٢٠ لە لایەن عەبدوڵرەحمان ئەلنەقیب (١٨٤٥ . ١٩٢٧) فەرمانى لێبوردنیان بۆ دەردەچێت و ئازاد دەكرێن[٨٢].

كاپتن هى زۆر بە توندى دژى نەیارەكانى هەلس و كەوتى كردووە لەو كاتەى (نورى باویل ئاغا)[٨٣] كە خاوەن كەسایەتیەكى ناسراوى ناوچەى رەواندز بوو بە هۆى گوێرایەلى نەبوونى بە فەرمانەكانى حاكمى سیاسى دەستگیر دەكرێت بەلام خۆى دەرباز دەكات و كاپتن هى لە هەولى بەردەوام بووە بۆ ئەوەى دەستگیرى بكاتەوە، لە ١٠ى كانونى یەكەمى ١٩١٩ لە كاتەى سەردانى رەواندز دەكات باویل ئاغا داواى لێبوردن بۆ كورەكەى دەكات بەلام كاپتن هى مەرجى خۆ دەخیل كردن و سەردانواندنى بۆ دادەنێت بەرامبەر بەخشینەكەى[٨٤]، كاپتن هى دواى ئەوەى نەقیب لیتلدیل لە گەل هێزێكى لیڤى دەگاتە رەواندز داواى لێدەكات لە هەر دەرفەتێك كە رەخسا ناوبراو دەستگیر بكات هەر بۆیە لەو كاتەى لە لایەن نەقیب لیتلدیل داوا لە نورى باویل ئاغا دەكرێت بۆ بینینى سەربازگە تازەكە سەردانى بكات دواى چوونى ناوبراو دەستگیرى دەكات و بە كەلەمچەكراوى رەوانەى هەولێر دەكرێت، لە لایەن كاپتن هى دادگایى دەكریت و حوكمى پێنج سالْ زیندانى بەسەردا دەسەپێنێت[٨٥]. بەلام لە ٦ى تەممورزى ١٩٢٠ لە كاتى گواستنەوەى بۆ كەركوك لە رێگادا بە هۆى پلانێك دەربازى دەبێت ، دواى ئەوەى كاپتن هى بە رزگاربوونى (نورى باویل ئاغا) دەزانێت پەیوەندى بە ئیسماعیل بەگ دەكات و لە سەر داواى (كاپتن هى) باوكى (باویل ئاغا) لە لایەن (نەقیب دیكنسن) دەستگیر دەكرێت و لە كاتى ناردنى پیاوەكانى (ئیسماعیل بەگ)[٨٦] بۆ دەستگیركردنى براكانى نورى باویل ئاغا رووبەروو بوونەوە روودەدات دوو براى بە ناوى (كەریم و مستەفا) دەكوژرێت كێشەكە پەرەدەسێنێت[٨٧].

یوسف بەگ دواى هاتنى مێجەر نۆئێل بۆ ناوچەكە كراوە بە سەردارى هەندێ لە ناوچەكانى دەوروبەرى رەواندز، بەلام بە هۆى سەركێشى كردنى لە بەرامبەر دەسەلاتى بەریتانیەكان بە تایبەتى فەرمانەكانى كاپتن هى فەرمانى دەستگیركردنى دەدات، دواى



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردى

دەستگیر کردنی حاجی نەورۆز ئەفەندی کە خەزوری ناوبراو بووە داوای کردووە کە ئازاد بکرێت کاپتن هی داواکاری نابراو بۆ ئازاد کردنی یوسف بەگ بەمجۆرە لە یاداشتەکانی نوسیوە:" ... حاجی نەورۆز هاتە بەردەمم و خۆی لەبەر پێدا فرێدام و داوێنی گرتم و داوای بەزەیی کرد تا یوسف بەگ ئازاد بکەم"[٨٨]. بەلام کاپتن هی داواکەی رەتدەکاتەوە و لە کاتی گواستنەوەی بۆ لای (رائید میلتون) لە کانی وەتمان لە رێگادا دەمرێت[٨٩].

کاپتن هی دەرەنجامی ئەو سیاسەتانەی پەیرەوی دەکرد چەند جارێک رووبەرووی هەوڵی کوشتن بۆتەوە، یەکەم هەوڵدان بۆ کوشتنی کاپتن هی لە شەوی ٢٣ی شوباتی ١٩٢٠ دەدرێت لەو کاتەی میوانی ئیبراهیم ئاغای دزەیی دەبێت لە مەخمور بەلام رزگاری دەبێت[٩٠]، هەوڵی دووەمیان، لە ناو هەولێر لە مالەکەی خۆی دەدرێت[٩١] لە یەکێک لە پەنجەرەکاندا لە کاتی نوستنی تەقەی لێدەکرێت بەلام بەرناکەوێت هەر دوای ئەو هەولە دەستەیەکی سیخی کە لە (١٥) کەس پێک هاتبوو دەیکات بە پاسەوانی خانوەکەی و بە دیواری تەڵی درکاوی دیوار بە دەوری خانوەکەی دەکێشێت[٩٢]، هەوڵی سێیەم، لە ١٢ ی ئابدا کاتێک لە رێگای گەرانەوەی لە رواندز بەرەو هەولێر دێت لە بۆسەیەکدا لە ناوچەی گەلی عەلی بەگ دەدرێتە بەر دەست رێژی گولله و بە شێوەیەکی سەر سورهێنەر لە مردن رزگاری دەبێت[٩٣]، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەم بۆسەیە پێشتر لە لایان شۆرشگێرانی هەولێر نەخشەی بۆ کێشراوە و لە لایەن نەیارانی کاپتن هی لە شاری رواندز وەك (نوری باویل ئاغا و خدر ئاغا) جێبەجێ دەکرێت[٩٤]، بە مەبەستی پێگەیشتنی هاوکاری و پیشتوان لێکردنی پەیوەندی بە هەولێر دەکات لە یاداشتەکانی دا لەم بارەیەوە نوسیویەتی :

"... پەیوەندیم لە گەل هەولێر کرد وداوام کرد کە سەید علی وکۆمەلێک لە پۆلیسەکان وکۆمەلێک لە سوار چاك بێنن، لە ئێوارەی هەمان رۆژ بە سوار لە گەل مستەفا ئاغا گەیشتمە شەقلاوە... کۆمەلێک لە خەلکی شەقلاوە پێشوازییان لێکردم و پیرۆز باییان لێکردم..."[٩٥].

کاپتن هی رۆژی ١٥ی ئاب گەیشتەوە هەولێر بەلام رەوشی شارەکە لەو کاتدا ئاسایی نەبوو پروپاگەندەی ئەوەش تێیدا بلاوببۆوە کە رووبەرووبوونەوە لە نێوان خەلکی کەرکووك و دەسەلاتدارانی بەریتانی رووی داوە و هەواڵی ئەوەش بلاوببۆوە کە شۆرش لە هەولێر دەست پێدەکات، ئەم هەوال و کۆبوونەوانەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ناوەوەی شار لە شوێنە گشتیەکاندا وەك چایخانە و بازار بلاو دەکرایەوە و هانی خەلکیان دەدا کە دژی بەریتانیەکان راپەرن[٩٦]. هەر لەم ماوەیەدا خانووەکەی (کاپتن هی) لە لایەن نەیارەکانی لە هەولێر


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دەسوتێندرێت و دوای ئەوەی نەیتوانی لە خانووەکەی دانیشێت بە هۆی هەرەشەی کوشتن لەسەری دەچێتە سەربازگەی بەریتانی لە شارەکە لەوی دەمێنێتەوە و ئەم شوێنەشی بۆ ئەوە هەلبژارد کە ئەگەر بارودۆخەکە گەیشتە رادەی ئەوەی هەولێر بە جێ بهێلێت خۆی دەرباز بکات بە پاڵپشتی پیاوەکانی و ئەو هێزەی لە ناو شارەکە هەبوو[٩٧].

کاپتن هی رووبەرووی پەشێویەکی زۆر دەبێتەوە دوای ئەوەی لە لایەن هەندێ لە کۆنە ئەفسەر و نەیارەکانی لە هەولێر پرۆپاگەندەی گەرانەوەی حوکمرانی تورك لە ماوەیەکی کورتدا بۆ هەولێر بلاو دەبێتەوە[٩٨]. لە پال ئەوەش بە هۆی هەڵوێستی نەیارەکانی لە سەرەتاکانی مانگی ئاب تا ناوەراستی ئەیلول (کاپتن هی) دەسەلاتی لە هەولێر تەنها بە شێوەی هێمایەك مابوو کە نەیدەتوانی فەرمانەکانی بە سەریان بچەسپێنێت بەلکو هەولی دەدا بە شێوەیەکی هێمنانە رەوشەکە بەرەو ئارامی بباتەوە بۆ پاراستنی خۆی ودەسەلاتەکەی[٩٩]. دەسەلاتی (کاپتن هی) لەم ماوەیەدا تەنها لە چوار چێوەی خۆپاراستنەوە بووە نەیتوانیوە فەرمانەکانی جێبەجێ بکات بە بەڵگەی ئەوەی لەو کاتەی کە دەیەوێت رۆژی یەکشەممە بکرێت بە پشووی فەرمی یەکێك لە نەیارە ناسراو و دیارەکان (حاجی رەشید ئاغا) بە قازی هەولێر(محەممەد ئەفەندی) رادەگەیەنێت کە نابێت رۆژی یەك شەممە ببێتە پشوو چونکە تەنها رۆژی هەینی پشووی مووسڵمانانە، ئەوەی جێگای سەرنجە (حاجی رەشید ئاغا) لە کاتی گفتوگۆی لە گەل قازی دا پێی دەڵێت :"...من حاکمم ئێستا و بە سەرجەم فەرمانبەران بلێ کە بە تەواوی دەوامی خۆیان بکەن..."[١٠٠].

لە رۆژی ١٦ی ئابدا کە هاوکات بوو لە گەل رۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد(د.خ)، راگەیەندراوێکی بێ مۆر بە ئیمزای چەند کەس لە نەیارانی کاپتن هی لە هەولێر بلاودەکرێتەوە کە تێیدا داوا دەکەن چەك بە رووی بەریتانیەکان هەڵبگرن. کاپتن هی بریاری رووبەروو بوونەوەی نەیارەکانی دەدات بە یارمەتی لایەنگرەکانی و دەکەوێتە هەولی دەستگیر کردنیان بە تایبەتی ئەوانەی بەشداری ئەو کۆبونەوەیان کردووە بۆ ئەم مەبەستەش لە گەل هەندێک لە ناودارەکانی هەولێر و پیاوانی نزیکی خۆی کۆدەبێتەوە جگە لە (حاجی رەشید ئاغا) نەبێت[١٠١]. دوای ئەوەی بەشداربوانی کۆبونەوەکە پیرۆزبایی رزگار بوونیان لە حاکمی سیاسی دەکەن، بریار لە سەر دەستگیر کردنی چوار کەس کە کاریگەرییان بە سەر رووداوەکاندا هەبووە لە هاندانی خەلکی هەولێر لە دژی بەریتانیا دەدرێت کە دووان بە بێ ئامادەبوون حوکمی بەند کردنیان درا و دووانەکەی تریش چوونە دەرەوەی هەولێر[١٠٢].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هاوكات لە گەڵ ئەم بارودۆخە (كاپتن هی) داوا لە ( خورشید ئاغا)[١٠٣] دەكات كە چەند كەسێكی وەك پاسەوان بۆ رەوان بكات كە بەردەوام لە گەڵیدا بن خورشید ئاغاش داواكەی جێ بە جێ دەكات[١٠٤]. بارودۆخی شارەكە بە جۆرێك ئاڵۆز ببوو بە مەبەستی چارەسەرێک (كاپتن هی) پەیوەندی بە (ویلسن) حاكمی گشتی لە بەغدا دەكات بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بەڵام لە وەڵامی بروسكەی حاكمی سیاسیدا پێی رادەگەیەنێت كە باری گشتی لە ناوچەكانی عێراق لە خراپی دایە لە توانایدا نیە كە یارمەتی بدات تەنانەت ئەگەر بە یەك فرۆكەش بێت و رێنمایی ئەوەی دەكات كە خۆی و فەرمانبەرەكانی بە هەر بیانوێک بێت شارەكە بە جێ بهێڵن[١٠٥]، ئەم هەڵوێستەی حاكمی گشتی دەبێتە هۆی زیاتر دابەزینی ورەی (كاپتن هی) هەر بۆیە دوای پێویستی نەمانی بە خزمەتی فەرمانبەرەكان فەرمان دەدات بە گواستنەوەی فەرمانبەرە( بەریتانی و هیندی) یەكان بۆ هەردوو لیوای كەركووك و مووسڵ، سەبارەت بە هاتوچۆی خۆی لە هەولێر بە جۆرێک بوو ئەگەر لە ژێر چاودێری ژمارەیەكی زۆری پاسەوانەكانی نەبووایە ئەوا نەیدەتوانی بە شەقامەكان بڕوات چونكە هەرەشەی كوشتنی لە سەر بوو[١٠٦].

## تەوەری پێنجەم: رۆڵی (كاپتن هی) لە دامركاندنەوەی هەڵسانەوەی هەولێر

رەوشی سیاسی هەولێر لە سەرەتاكانی مانگی ئەیلولی ١٩٢٠ گەیشتە ئاستی بێ هیوا بوونی كاپتن هی لە مانەوەی دەسەلاتی لە شارەكە، لە ٤ی ئەیلول حاكمی سیاسی كەركووك (رائید لونگریک) بە یاوەری (ملازم بیكنول)[١٠٧] چەند بارهەڵگرێكی لە جۆری فۆرت ناردە هەولێر بۆ گواستنەوەی ئەو پارانەی (الروبیات) كە لە زیو دورست كرا بوون لە خەزینەی حاكمی سیاسی (كاپتن هی) بوو[١٠٨]، لە گەڵ گواستنەوەی ئەو دانەوێلانەی بە تایبەتی (گەنم وجۆ) كە لە كۆگاكانی شاردا هەڵگیرا بوون[١٠٩].

كاپتن هی لە هەوڵی ئەوە بوو كە رەوشەكە لە بەرژەوەندی خۆی هێمن بكاتەوە بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ دۆستەكانی دەبات بە تایبەتی هەر یەك لە خورشید ئاغا و ئەحمەد ئەفەندی[١١٠]. بەڵام دوای ئەوەی رەوشەكە زیاتر پەرەدەسێنێت و ناوچەكانی تریش لە كوردستان دەگرێتەوە بە تایبەتی دەوروبەری هەولێر[١١١]، جێگری حاكمی سیاسی كۆیە (نەقیب برادشۆ) شارەكە جێدەهێڵێت و دێتە هەولێر و شەو لە گەڵ (كاپتن هی) بەسەردەبەن و بێ ئومێدیان دەگاتە ئەو رادەیەی كە لە نێوان خۆیاندا دەڵێن :" بابخۆین و بخۆینەوە وخۆش رابوێرین، مادام بەیانی دەمرین "[١١٢]. لەم دەربرینەی (هی و برادشۆ) ئەمە دەردەكەوێت كە جگە لەوەی دەسەڵاتیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆڵینێن كوردی

لە شارەکانیان نەماوە، کەوتونەتە گومان لە مانی خۆشیان و توانای رزگار بوونیان زەحمەت بووە.

رەوشی خراپی شارەکە لەو ئاستەدا بوو کە چاوەراونی هێرشی هۆزەکانی بۆ سەر هەولێر دەکرد کاپتن هی لە گەل (نەقیب لیتلدیل) فەرماندەی هێزی لیڤی و سەرۆکی کروبان و رەئیس عرفاء کینارد و (مستر روبنز) ی بەرێوەبەری کاروباری پولیسی هەولێر و(نەقیب دیکنسن) کە لە رێگای گوێر هاتوچۆی دەکرد و فەرمانبەرە بەریتانیەکانی دەگواستەوە و لە فەرمانبەرە هیندیەکانیش (مستر دلی جاند) ی خەزنەدار و (مستر بلوج) لێپرسراوی کاروباری فەرمانگەی پۆستە و گەیاندن لە هەولێر مابوونەوە، بەلام دوای دوو رۆژ ئەوانیش بەرەو گوێر چوون تەنها کرێکارەکانی گواستنەوە مانەوە لە بارەگاکانی گواستنەوە بۆ پارێزگاری کردن لە پەیوەندیەکانی نێوان (هەولێر وکەرکووك) و(هەولێر وموسڵ) بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخەکە[١١٣].

کاپتن هی لەم رەوشە نائارامەدا توانی سود لە کەسە نزیکەکان و دۆستەکانی لە شارەکە و دەوروبەری بۆ گەرانەوەی هەیمەنەی فەرمانرەوایی خۆی لە هەولێر وەربگرێت لە دیارترینیان ئەحمەد عوسمان و هەندێک لە ئاغاکانی دزەیی لەوانەش (خورشید ئاغا و مشیری ئیبراهیم ئاغای دزەیی) کە خاوەن رێزێکی زۆر بوون لە لای کاپتن هی و بە کەسێکی دلسۆزی خۆی داناوە رۆڵێکی گەورەی بینی لە پاراستنی گیان و دەسەلاتی کاپتن هی و گەرانەوەی هەیمەنەی بە سەر شارەکەدا لە کاتێکدا هیچ دەسەلاتێکی نەما بوو[١١٤]. هەروەها (حوسێنی مەلای)[١١٥] کە خۆی و پیاوەکانی دەگەنە هەولێر و ئەرکی پاراستنی شارەکە وەك سەرکردەی سوپای ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرێت و میوانخانەی (حەسەن ئاغا چاوشلی) دەکاتە بارەگای هێزەکەی و ئەم ماوەیە لە ناو خەلکدا بە ماوەی حوکمی (حوسێنی مەلا) ی لە هەولێر ناسراوە[١١٦].

خورشید ئاغا رۆڵێکی بەر چاوی گێراوە لەو کاتەی کە هێزەکانی هۆزی سورچی لە دیرە لە نزیک بەستۆرە بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوللا کۆدەبنەوە و نوری باویل ئاغاش ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبێت، و هۆزی خۆشناویش لە مەلا ئۆمەر کۆدەبنەوە و هەوالی ئەمەش لە ناو شاردا بلاودەبێتەوە کە لە لای رۆژهەلاتدا هێرش دەکرێتە سەر هەولێر، کاپتن هی ترسی گەورەی لەسەر دروست دەبێت بەلام کاتێک (خورشید ئاغا ومشیری ئیبراهیم ئاغا) دەچنە لای دڵنیای دەکەنەوە کە بە هیچ جۆرێک رێگا نادەن هێرش بکرێتە سەر هەولێر، خۆیان و هێزەکانیان دەکەونە ئامادەباشی بۆ هەر ئەگەرێک کە روو بدات و چەند جارێک پیاونی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆیان دەنارده دەرەوەی هەولێر بۆ چاودێری کردنی بارودۆخەکە و دواتر (شێخ مەعروف) رەوانەی لای (شێخ عوبەیدوللا) دەکەن و ئاگاداری دەکەنەوە کە هێرشی سەر شاری هەولێر نەکات[١١٧].

هەولێر لە شەوی ٦ لە سەر ٧ ی مانگی ئەیلول لە چاوەروانی کۆتایی هاتنی حوکمرانی کاپتن هی بوو ، یەکێک لە ناخۆشترین کاتەکانی حاکمی سیاسی (کاپتن هی) بووە وەك لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات و نوسیویەتی:

"... شەوێکی تەنگ و توتەکمان بەڕێکرد و هەموو جلو بەرگمان لەبەرکردبوو وەك ئامادەباشیش ئەسپەکانمان زین کرد بوو. ئەحمەد ئەفەندی و دو سێ ئاغەی دزەیی لە گەڵمدا بوون. ئامادەبوین لە هەر چرکەیەکدا بڕۆین ... "[١١٨].

لە ناو ئەو رەوشەدا رۆژی ٨ی ئەیلول لە رێگای ئاسمانیەوە بە سێ فرۆکە حاکمی گشتی ( ویلسن) بە یاوەری شاندێک لە ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی مەلەکی لە بەغداوە گەیشتە هەولێر[١١٩]. مەوکیبی (ویلسن) بە پاسەوانی سوارەکانی (خورشید ئاغا و ئەحمەد عوسمان) گەیەندرایە ماڵی (کاپتن هی)، گفتوگۆکان و تاوتوێکردن دەربارەی رەوشی شارەکە دەستی پێکرد لەو کەسانەی لە کۆبونەوەکە بەشدار بوون (ئەحمەد پاشا و حاجی پیرداود ئاغا و جەمیل ئاغای گەردی و مەلا ئەفەندی و خورشید ئاغا و ئەحمەد عوسمان)، دوای گفتوگۆکان پێشنیارەکان خرانە روو وەك رێگا چارەیەك بۆ دەرچوون لەم رەوشە ئالۆزەی شارەکە[١٢٠]، دوای بیرورا گۆرینەوە هەر یەك لە (مەلا ئەفەندی و خورشید ئاغا) بە مەبەستی پاراستنی شارەکە و دوورخستنەوەی شەر تێیدا و مانەوەی دەسەلاتەکانی حکومەت بۆ بەرێوەبردنی کاروباری شارەکە پێشنیاری نادرنی هێزی سەربازی زیاتریان بۆ هەولێر کرد هەروەها ئامادەبوان ئامادەبونی هاوکاریشیان بۆ حاکمی سیاسی دەرخست[١٢١] .

هاوکات لە گەل ئەو رەوشەدا حاکمی سیاسی هەوڵی ئەوەی دەدا کە هەندێک لە سەرۆك هۆزەکان دوور بخاتەوە لە نەیارەکانی و بەلای خۆیدا رایانکێشێت لەوانەش هەولی ئەوەی دا کە ( قادر بەگ) دوور بخاتەوە لە دوژمنەکانی چونکە لە بەرەی دوژمنانی بەریتانی بوو حوسێنی مەلا بە ئەرکی ناوبژیوانی دەنێرێتە لای قادر بەگ لە شەقلاوە و نامەیەك لە قادر بەگەوە بۆ کاپتن هی دێنێت کە داوا دەکات لە هەموو کردەوەکانی ببورێت و هیچ سزایەکی مادی نەخاتەسەری لە بەرامبەردا ئامادەیە خۆی و هەموو خزمەکانی گوێرایەلی حکومەت بن، ئەحمەد عوسمان لە کاتی بەرێکردنی حاکمی گشتی (ویلسن) پیشنیارەکەی قادر بەگ پێشکەش بە ویلسن دەکات بۆ قەبول کردنی ئەویش رەزامەندی خۆی دەردەبرێت[١٢٢]. هەورەها هەر بۆ هەمان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

مەبەست پەیوەندی بە (کەریم خان) کرد لە کۆیە، ئەمە جگە لە لایەن گرانی خۆی و هێزەکانی کە لە شارەکەدا مابوو[١٢٣]. دەکرێت بڵێین ئەوە هەنگاوی یەکەمی کاپتن هی بوو کە تێیدا سەرکەوت بۆ راکێشانی نەیارەکانی و لاواز کردنی بەرەی بەرهەڵستی بەریتانی لە هەولێر.

رۆژی ٩ی ئەیلول کۆبوونەوەیەك لە مالی مەلا ئەفەندی لە باداوە ئەنجام درا کە سەرکردەکانی هۆزی خۆشناو تێیدا ئامادە بوون، زۆربەی ئامادەبووان لە بیرۆکەی گەرانەوە و واز هێنان لە هەلگەرانەوەکانیان بوون، ئەمەش راست دەرکەوت دوای ئەوەی کە سەرانی خۆشناو ئامادەییان پیشاندا کە بێنە ژێر بالی بەریتانیا و سەردانی ( کاپتن هی) بکەن ئەمەش وەك موژدەیەك لە لایان ئەحمەد عوسمان بە حاکمی سیاسی درا[١٢٤]، و لە هەمان رۆژدا هەر یەك لە (قادر بەگ وسالح بەگ و مستەفا ئاغا و خدر بەگ) سەردانی حاکمی سیاسیان کرد و ئامادەبوونی خۆیان پیشاندا کە لە ژێر فەرمانەکانی حکومەت بن و بریاریاندا کە هێزەکانیان رەوانەی مالەکانیان بکەنەوە وئەم کەل و پەلانەش کە حکومەت خاوەنێتی ودەستیان بەسەر داگرتووە ئامادەن بیگەرێنەوە و ئەمەی روویدا دووبارە نابێتەوە و دەبێت حکومەتیش وەك پێشتر لە گەل هۆزی خۆشناو مامەلە بکات، هەروەها سەبارەت بە هۆزی سورچی دوای ئەوەی (شێخ معروف) وەك نوێنەری حکومەت سەردانی شێخ عوبێدوللای کرد ئەویش بە (شێخ معروف) ی راگەیاند ئامادەیە واز لە دژایەتی کردنی بەریتانیەکان بهێنێت وببێتە گوێرایەلی حکومەت بەرامبەر بە چەند مەرجێک کە بۆی جێبەجێ بکرێت وەك دانانی لە لایان حکومەت بە سەرۆکی هۆز و پێدانی موچەو هێزێک لە شەرکەرانی هۆزەکەی پێک دینێت[١٢٥]. هەروەها (علی پاشا) هەلوێستی خۆی راگەیاند کە دوژمنایەتی بەریتانیا ناکات و گوێرایەلی فەرمانەکانی حکومەت دەبێت[١٢٦]، هۆزەکانی (خۆشناو و گەردی) کەوتنە گفتوگۆ کردن لە گەل (کاپتن هی) و پەیمانیاندا کە دژایەتی بەریتانیا نەکەن و هەر زیانێکیان لەم ناوچانە لێکەوتووە بۆیان بژمێرن، سورچیەکان و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی کەوتنە خۆ نزیک کردنەوە لە کاپتن هی[١٢٧]، ئەم هەلوێست گۆرینانە دەگەرایەوە بۆ ئەوەی کە ئامانجەکانی هەڵگەرانەوەکان دەسکەوتی تایبەتی بووە نەك دەسکەوتە نەتەوەیی ونیشتمانی و ئاینی یەکان کە هەوێنی راپەرینەکان بوون[١٢٨]، هەر بۆیە کاپتن هی دوای ئەوەی سەرکردەکانی هۆزە کوردییەکان لە گەلیدا کۆدەبنەوە و بەلێنی جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی حکومەتی بەریتانی دەدەن ئەگەر شەرعیش نەبێت لە روانگەی ئاینیەوە[١٢٩].

حاکمی گشتی لە ٩ ی ئەیلول لە رێگای بروسکەیەکەوە رەزامەندی ناردنی دوو هێزی سەربازی دەرخست بۆ هەولێر کە هێزێکیان لە مووسڵ دێت کە پێکهاتووە لە سریەکی سوارەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هیندی و فەسیلێکی پیادەی هیندی و دوو تۆپ و هێزەکەی تر لە کەرکووك دێت کە پێک هاتووە لە سریەی پیادەی سوپای بەریتانی و سریەیەکی سوارەی هیندی(١٣٠) . جێگای ئاماژەیە کە ژمارەیەك لەو کەسانەی کە دژی بەریتانیا بوون هەلویستیان گۆری و بوونە لایەنگری بەریتانیەکان پێش هاتنی ئەو دوو هێزە، و ئەو ئابلوقەی کە دەسەلاتی بەریتانیا لە هەولێر تێیدا دەژیا بە گەیشتنی رەتلی هێزی مووسڵ لە رێگای گوێر لە ١٣ی ئەیلول و گەیشتنی هێزی کەرکووك لە رێگای قوشتەپە کۆتایی هات، دوای گەیشتنی رەتلی مووسڵ لە ١٣ی ئەیلول بۆ هەولێر وگەیشتنی رەتلی کەرکووك لە رۆژی ١٤ ی ئەیلول، بارودۆخی شارەکە گۆرا و بەریتانیەکان سەر لە نوێ جلەوی دەسەلاتیان تێدا گرتەوە، هەر بەم بۆنەیەش سەرکردایەتی گشتی بەریتانی بلاوکراوەیەکی دەرکرد کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخی هەولێر باشتر بووە، بەلام خەلکەکە بە تورەییەوە سەیری بەریتانیەکان دەکەن بە تایبەتی ئەوانەی خەلکی شار بوون(١٣١) .

لە ١٥ ی ئەیلول بروسکەیەکی حاکمی گشتی لە بەغدا گەیشتە حاکمی سیاسی لە هەولێر کە تێیدا ئاماژە بە پێدانی مۆلەت دەدات بۆ کاپتن هی و دیاری کردنی جێگری حاکمی سیاسی لە ئاکرێ (رائید مارشال) وەك حاکمی سیاسی لە هەولێر لە شوێنی (کاپتن هی) دا و پێش رۆیشتنی لە هەولێر (کاپتن هی) سەردانی هەر یەك لە خورشید ئاغا وئەحمەد ئەفندی دەکات وسوپاسی خۆی پێیان رادەگەیەنێت، جێگای ئاماژەیە کە هەر یەك لە (خورشید ئاغا وئەحمەد عوسمان) وەك رێز لێنان پاداشتی هەلوێستەکانیان کران لە لایان حاکمی سیاسی یەکەمیان بە ئوتومبێلێکی (فۆرت) و دووەمیان بە کاتژمێرێکی زێ(١٣٢) . کاپتن هی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ نیوەرۆ خوانێک ئامادە دەکات بۆ گەورە فەرمانبەرانی حکومەت لە هەولێر و لەم کۆبوونەوەیەدا دەسەلاتەکەی رادەستی (رائید مارشال) دەکات و لە ١٣ی تشرینی یەکەم ماڵئاوایی لە پیاوماقولانی هەولێر دەکات و رۆژی ١٤ی تشرینی یەکەم لە کاتژمێر ٨ی ئێوارە شاری هەولێر جێدەهێلێت(١٣٣) .

## دەرەنجامەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (رۆڵی سیاسیی کاپتن (دبلیو.ار.هی) لە شاری هەولێر ١٩١٨ - ١٩٢٠) گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک کە بە شێوەی خاڵ خراونەتەروو.

١. کاپتن هی بووە بە بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی ئەو شارە بە تایبەتی لە سالانی داگیرکاری بەریتانی بێ گەرانەوە بۆ مێژوو و رۆڵی کاپتن هی ناتواندرێ مێژووی هەولێر لەم ماوەیە بنوسرێتەوە.

٢. سەردەمی دەسەلاتی کاپتن هی بۆ شاری هەولێر سەرەتای قۆناغێکی سیاسی تازەیە کە بوو بە دەرکەوتنی دوو ئاراستەی لێک جیاواز بەرامبەر هاتنی بەریتانیەکان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکولینێن کوردی

٣. کاپتن هی رۆڵێکی دیاری لە رووی کارگێری لە شارەکە بینی بەلام نەبووە هۆی یەکخستن و یەکرێزی ناوەخۆی هەولێر بەلکو بیروڕای یەکگرتووی شارەکەی نەهێشت و خەلکی ناوداری شارەکە نەبووە هۆی یەکگرتنی چین و توێژەکانی شارەکە.

٤. پالپشت و ستایش و رێزی زۆری لایەنگرانی بەریتانی لە شارەکە دەگرت و بە دۆستی تایبەتی دادەنان و یارمەتی دەدان، بەلام لە کاتی رووبەروو بوونەوەی بۆ نەیارەکانی هەوڵی دەدا بە هێزەکانی ناوەخۆیی دژیان بوستێتەوە بۆ نەبوونی یەك هەلوێستی بە تایبەتی لە نێوان ئاغان و سەرۆك هۆزەکان و نەهێشتنی متمانە لە نێوان خەلکی شارەکە و دەوروبەری.

٥. کاپتن هی هەردەم لە هەوڵی خۆسەپاندن و شکۆمەند دیارخستنی بووە و بە شێوەیەکی زۆر توند و تیژ مامەلەی لە گەل نەیارەکانی کردووە و سیاسەتی لەناوبردن و گرتن و سزادانی پەیرەو کردوە. لە رووداوەکانی ئەیلولی هەولێر شارەکەی جێنەهێشت و توانی بە یارمەتی دۆستەکانی هەیمەنە و دەسەلاتی بپارێزێت .

## پەڕاوێز:

---

(١) عێراق لەو کات بریتی بوو لە ویلایەتەکانی (مووسڵ، بەغداد، بەسرا)، لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە شانشینی عێراق.

(٢) دبليو.ار. هی، سنتان في كردستان ١٩١٨ ـ ١٩٢٠، ت: فؤاد جميل، ط١، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣، ج١، ص ١٣ ـ ١٤.

(٣) المصدر نفسه، ص٢٠.

(٤) یەکێکە لە ئەفسەرە چالاك و شارەزاکانی ئینگلیز کە زمانی فارسی بە شێوەیەکی باش زانیوە و لە ناو خێلی بەختیاری کە یەکێکە لە هۆزەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کاریکردووە، دوای ڕاگەیاندنی حوکمرانی شێخ مەحمودی بەرزنجی (١٨٨١ ـ ١٩٥٦) لە شاری سلێمانی دەبێتە راوێژکاری ئەو حکومەتە، بیرو سەرنجی خۆی هەبووە بەرامبەر بە پرسی کورد و یەکێک بووە لە پشتیوانانی دۆزی کورد. مێجەر نۆئێل، یادداشتەکانی مەیجەر نۆئێل لە کوردستان، و: حسین احمد جاف، حسین عثمان نێرکسەجاڕی، بەغداد، ١٩٨٤، ل٧ ـ ٨.

(٥) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، هەولێر لە نێوان سالانی ١٩١٨ ـ ١٩٢٦ دا، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٢ .

(٦) یەکێکە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی قەراج لە قەزای مەخموری سەر بە لیوای هەولێر، رووپێوی ئەو گوندە نزیکەی (٣٧٤١) دونمە، زەوییەکەی بۆ کشتوکالا کردن بەکارهێندراوە، دانیشتوانەکەی کوردن و لەلایەن ئاغاکانی دزەیی بەرێوەبردراوە. عەبدوللا غەفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چ ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٥١٤.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٧) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ١٤٤.

(٨) لە ساڵی ١٨٧٩ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، لە خانەوادەی (مەلا ئەفەندی) یە، لە ساڵی ١٩٠٦ دەبێتە ئەندامی دادگای هەولێر و لە ساڵی ١٩١١ دەبێتە ئەندامی دادگای کەرکوك و دواتر کراوە بە سەرۆکی دادگا. لە کاتی هاتنی بەریتانیەکان بۆ هەولێر سەرۆکی شارەوانی بووە، لە ساڵی ١٩٢٣ دەبێتە یەکەمین موتەسەریفی هەولێر، لە ساڵی ١٩٢٧ دەبێتە موتەسەریفی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی پیاوماقولان (مجلس الاعيان) و لە دوو خولی ئەنجومەنی نوێنەران وەك نوێنەری هەولێر بەشدار بووە، لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ لە شاری بەغداد مردووە. مير بصرى، أعلام الكرد، ط١، لندن. قبرص، ١٩٩١، ص١٦٨ . ١٦٩.

(٩) لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لە نێوان هاوپەیمانان و عوسمانیەکان ئیمزا کرا و کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهانی هێنا و بە پێی بەندی حەوتەمی ئەم ڕێکەوتنە هاتووە کە ئەگەر لە هەر شوێنێک ئاسایشی هێزەکانی هاوپەیمانان بکەوێتە بەر مەترسی بۆیان هەیە ئەو شوێنە داگیر بکەن. فاچل حسين، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، و: محمد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٧ . ٨.

(١٠) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ . ١٩٣٠، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٦ . ٧٧.

(١١) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ١٥١.

(١٢) قەزای هەولێر لە لایەن ( قائیمقام )ەوە بەڕێوە دەبردرا کە زۆربەی قائیمقامەکانی قەزای هەولێر لە سەردەمی دەولەتی عوسمانی بە ڕەگەز تورك بوون، بەلام لە هەندێ کاتدا کوردیش ئەم پۆستەیان وەرگرتووە و لەلایان سولتانەوە هەڵبژێردراون لەمانەش (عبداللە پاشای کوری عباس ئاغای ئەحمەدی) کە لە ساڵی ١٨٩٠ کراوە بە قائیمقامی هەولێر. بروانە : ألبرت.م.منتشاشفيلي، العراق في السنوات الانتداب البريطاني، ط ١، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٨، ص٢١ـ ٢٢؛ شيرزاد شيخ محمد، الاثار الدينية في اربيل (المقابروالمساجدوالجوامع والتكايا القديمة في اربيل)، ط ١، اربيل، ٢٠٠٢، ص ١٨٥.

(١٣) نەهرۆ محەمەد، سەرچاوەی پێشو، ل٧٥.

(١٤) هادي رشيد الجاوشلي، تراث اربيل التاريخي،ط ١، مطبعة جامعة الموصل، موصل، ١٩٨٥، ص ٧٦ .

(١٥) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ١٥٢.

(16) B.N.A,Title: Hay, Sir William Rupert ,No: GB165-0138, in 1911 – 1956.

(١٧) یەکێکە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان بە دووەم کۆنترین زانکۆ لە سەر ئاستی جیهان دادەندرێت، لە ولاتی بەریتانیا لە شاری ئۆکسفۆرد دامەزراوە، هەر چەندە مێژووی دامەزراندنی دیار نیە بەلام ئاماژەکان دەیگەڕێننەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی یانزدەم و ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە لە ساڵی ١٠٩٦ز خوێندنی تێدا کراوە، ئێستا (٣٨) کۆلێجی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت . جامعە أكسفورد، الموسوعة الحرة، في الموقع الالكتروني
https://or.wikipedia.org .

(١٨) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ص٢٢.

(١٩) ئەو کتێبە لە دوو بەرگدا لە لایەن (فؤاد جميل) وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی ١٩٧٣ چاپی یەکەمی بلاوبۆتەوە. هەروەها (دار العربية للموسوعات) چاپی دووەمی بە زمانی عەرەبی لە یەک


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرگدا بە قەوارەی (٤٣٠) لاپەرە بە ناونیشانی (مذكرات دبليو.ار.هى . حاكم أربيل السياسي في كردستان أيام الاحتلال البريطاني ١٩١٨ . ١٩٢٠م) لە ساڵی ٢٠٠٨ بلاوكراوەتەوە.

(٢٠) ئەو كتێبە تایبەتە بە مێژووی ولاتانی كەنداو بە زمانی ئینگلیزی چاپی یەكەمی لە واشنتۆن بلاوكراوەتەوە.

(٢١) دبليو .ار.هى، المصدر السابق، ص ٢٠.

(٢٢) ماڵپەری ئەلكترۆنی: https://en.m.wikipedia.org

(٢٣) ناحیەی شێخ سەعد دەكەوێتە سەر لیوای راستی رووباری دجلە لە ناوەراستی رێگای كوت . عمارەیە و سەر بە قەزای (علی الغربی) سەر بە لیوای (عمارە)یە، لە ساڵی ١٨٧١ز لە لایەن شێخ سەعد كوری یوسف لە سەركردەكانی (بنی لام) ە بنیادنراوە، دوای ئەوەی لە رووی كارگێرییەوە دەكرێت بە ناحیە ئاوەدانی زیاتر بەخۆوە دەبینێت لە قوتابخانە و نەخۆشخانە و دەزگا حكومیەكان. عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً و حديثاً ط ١، دار الرافدين للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠١٣، ص ١٩٥.

(٢٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ص ٢٠.

(٢٥) المصدر نفسه، ص ٢٠.

(٢٦) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ص ١٤٣ . ١٤٤.

(٢٧) المصدر نفسه، ص ١٥٥.

(٢٨) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: المصدر نفسه، ص ١٥٦ . ١٦١ .

(29) The London Gazette ,No; 31131, in 17 Januaey 1919,p 912.

(٣٠) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص١٧٢.

(٣١) دەكەوێتە خوارووی رۆژئاوای بەریتانیا مەڵبەندی ئەو كەرتە شاری دورتشیسترە .

(32) B.N.A,Title : Hay, Sir William Rupert ,No: GB 165-0138, in 1911 – 1956.

(٣٣) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ١٩٧.

(٣٤) المصدر نفسه، ص١٩٧.

(٣٥) عێراق بە گشتی دابەشی سەر(٣) ویلایەت كرا بوو، ویلایەتی(مووسڵ،بەغدا،بەسرا)، هەر یەك لەم ویلایەتانەش دابەش كرا بوو بۆ سەر چەند
سنجەقێك و هەر سنجقێك بۆ سەر چەند قەزا و هەر قەزایەك بۆ سەر چەند ناحیەك و بەرێوەبەری ناحیە بەرێوەی بردووە، هەر ناحیەكیش بۆ
سەر چەند گوندێك دابەش كرا بوو كە (موختار) لە رووی كارگێری لێپرساوی گوندەكان بووە:ألبرت.م.منتشاشفيلي،المصدر السابق، ص ٢٢،٢١.

(٣٦) راپۆرتی كارگێری دەڤەری كەركوك ماوەی (١ ی كانوونی یەكەم تا ٣١ ی كانونی دووەم ١٩١٩)،وەرگێرانی سەربەست كەركوكی، ج (١)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٦،ل ٢٣.

(٣٧) هادی رشيد الجاوشلي، المصدر السابق، ص٢٤.

(٣٨) لە ساڵی ١٨٨٤ لە دایك بووە و یەكێكە لە كەسایەتیە سیاسیی و توێژەرە دیارەكانی بەریتانی، كوری قەشەی (ۆرستیتەر) ە، لە ئۆكتۆبەری ١٩٢٠ ئیدارەی مەدەنی لە عێراق جێدەهێڵێت وەك بەرێوەبەری كۆمپانیای ئەنگلۆ . ئیرانی دەچێتە عەبادان، لە ساڵی ١٩٣٣ . ١٩٣٥ ولە ساڵانی ١٩٣٥ . ١٩٤٠



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەكۆلینێن كوردی

ئەندامی پەرلەمانی شانشینی یەکگرتوو بووە، لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەك بۆمبا هاوێژ پەیوەندی کرد بە هێزی ئاسمانی پاشایەتییەوەو لە جەنگێکی ئاسمانی لە باکوری فەرەنسا لە ٣١ ئایاری ١٩٤٠ دەکوژرێت ولە شاری (ئەرینجهم)ی فەرەنسی نێژراوە. مالپەری ئەلکترۆنی:
ar.m.wikipedia.org

(٣٩) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: دبلیو.ار.هی، المصدر السابق، ج١، ص ٢١٩-٢٢٣.

(٤٠) المصدر نفسه، ص ٢١١.

(٤١) المصدر نفسه، ص ٢١٢.

(42) Iraq Administration Report 1914-1932.vol(5),Administration Report of The Arbil.p216.

(٤٣) دبلیو.ار.هی، المصدر السابق، ج١، ص ٢١٠.

(٤٤) المصدر نفسه، ص ٢٠٩ - ٢١٠.

(٤٥) سەرەتای دروست بوونی هێزی پۆلیس لە دەولەتی عوسمانی بە پێ ی سیستەمێکی تایبەتی بوو کە پلەکانی پێک هاتبوو لە (نامزد بولیس، مأمور بولیس، معاون قومسیر، قومسیر، مأمور مرکز ) ویلایەتەکانی (مووسڵ وبەغدا وبەسرا) بەڕێوەبەری پۆلیسی خۆی هەبووە و ژمارەی پۆلیسەکانی ویلایەتی مووسڵ پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەیشتە (١٠٠) پۆلیس، بەلام سەبارەت بە قەزاکان لەوانەش قەزای هەولێر لە سنوری (٤ ـ ٥) پۆلیسی هەبووە و ئەم ژمارەیەش لە شوێنێ بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبووە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و شوێنی جوگرافیەکەی . بەرێوەبەری پۆلیس لە قەزاکاندا نەبووە بەلام بنکەی تایبەتی پۆلیس هەبووە و بەرێوەبەری بنکەی هەبووە و لە ناحییەکانیش پۆلیس نەبووە. بۆ زیاتر زانیاری بروانە : المملکة العراقیة، وزارة الداخلیة، الدلیل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ ( موسوعة سنویة، إداریة، اجتماعیة، اقتصادیة، تجاریة، زراعیة، مصورة)، بغداد،١٩٣٦، ص ٢٠٠-٢٠٢.

(٤٦) دبلیو.ار.هی، المصدر السابق، ج١، ص ٢١١ - ٢١٢.

(٤٧) کاپتن لاین، کورد عەرەب بەریتانییەکان. بیرەوەییەکانی کاپتن لاین لە مەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩ - ١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧١.

(٤٨) دبلیو.ار.هی، المصدر السابق، ج١، ص ١٢٣.

(٤٩) نەهرۆ محەمەد، سەرچاوەی پێشو، ل٨٣.

(٥٠) دبلیو.ار.هی، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ٣٠.

(٥١) بریتی یە لە سوپایەکی نا نیزامی کە سەرەتای دامەزراندنی لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ سالی ١٩١٥ لە هۆزە عەرەبیەکان پێک هێندرا، و کورد لە سالی ١٩١٩ پەیوەندی بەو هێزەوە کرد، لە شاری هەولێر لە سالی ١٩٢٠ ئەو هێزە دێتە دامەزراندن. جی.کلیبرت.براون، قوات اللیفی العراقیه ١٩١٥ - ١٩٣٢، ت: د.مؤید ابراهیم الونداوي، مراجعة: رفیق صالح، مطبعة شظان، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص١٤.

(٥٢) دبلیو.ار.هی، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ٣٢.

(٥٣) پارەیەکی هیندیە تا دەرچوونی پارەی نیشتمانی عێراقی لە سالی ١٩٣٢ کاری پێکراوە. یەك روپیە بەرامبەر ( ٧٥ ) فلس بووە.

(٥٤) مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، ت : خليل على مراد،ط ١، مطبعة شظان، السليمانية، ٢٠٠٥، ص١٧٤.

(٥٥) محمد سلمان محمد، طلائع الثورة العراقية/ العامل الاقتصادي في الثورة العراقية الاولى، ط(٢)، بغداد،١٩٥٨، ص ١٧ ـ ١٨.

(٥٦) هادى رشيد الجاوشلى، المصدر السابق، ص٢٤.

(٥٧) مەهدى محەمەد ، سەرچاوەی پێشو، ل٧٥.

(٥٨) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١ ، ص ٢٠٧.

(٥٩) المصدر نفسه، ص١٩٩ .

(٦٠) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ١٩٩ .

(٦١) مختارات من كتاب الموصل و... ، ص ١٧٤ .

(٦٢) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ١٩٩ .

(٦٣) یەکێکە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی قوشتپە و دەکەوێتە دەشتێک پێی دەڵێن (مرکیە)، رووپێوەکەی نزیکەی ٣٣٨٩ دۆنمە، دانیشتوانی ئەو گوندە کە کوردن و لە سەر ئاینی ئیسلامن جگە لە کشتوکاڵ کردن مەر و ماڵاتیان بەخێو کردووە. عەبدوڵلا غەفور، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٧٠.

(٦٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ٢٠٥ ـ ٢٠٦.

(٦٥) المصدر نفسه، ص ٢٠٧.

(٦٦) المصدر نفسه، ص ٢٠٨.

(٦٧) المصدر نفسه، ص ٢٠٨ .

(٦٨) ئەو بەرەیە تا ئەیلولی ١٩٢٠ لە دژایەتی بەریتانیەکان بەردەوام بوون. بروانە: نەهرۆ محەمەد، سەرچاوەی پێشو، ل٩٥.

(٦٩) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ٢٠٩.

(٧٠) المصدر نفسه، ص ٢٠٩.

(٧١) مەهدی محەمەد، سەرچاوەی پێشو، ل٨٠.

(٧٢) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٧٢،١٦٤.

(٧٣) لە یەکەمین کۆبوونەوەی لە گەڵ پیاو ماقولانی شارەکە پێیان دەڵێت" ئێوە بۆ لە ئاستی مندا دەنگتان بەرز دەکەنەوە"، لە وەلامی ئەوەدا عەبدوڵلا پاشا وەلامی دەداتەوە و پێی دەڵێت " ئێمە خەلکی دەشت و ناوچە شاخاوییەکانین وا گۆشکراوین بە ئازادانە دەنگ هەڵبرین، دەنگی ئێمە لە عەقلمانەوەیە، بەلام دەنگی ئێوە لە قورگتانەوەیە. نەهرۆ محەمەد، سەرچاوەی پێشو،ل ٨٩.

(٧٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ٨٥ ـ ٨٦.

(٧٥) دوای دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی سولتان محەمەد رەشاد بە مەبەستی راکێشانی سۆزی مووسڵمانان بەلای دەولەتی عوسمانی بەشداریی کردنیان لە جەنگەکە بەیاننامەیەکی دەرکرد و ئەو جەنگەی بە دژایەتی ئیسلام وەسف کرد و بەشداریکردنی بە جیهاد لە قەلەمدا. براونە بەیاننامەکە لە: مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣١.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٧٦) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سیاسەتی بەریتانیەکان لە هەولێر بڕوانە. هەمان سەرچاوە، ل٧٨ ـ ٩٢؛ نەهرۆ محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشو، ل٧١ ـ ٩٣.

(٧٧) تەرمەکەی ناگەڕێننەوە بۆ بەریتانیا هەر لە دێ ی ( عەنکاوە ) ی نزیک هەولێر کە شوێنی نیشتەجێی کریستانەکان بوو لە سەر گردێک
دەنێژرێت.

(٧٨) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ٢٠١.

(٧٩) کمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چ١، بەغدا، ١٩٨٥، ب ١، ل١٨٦.

(٨٠) هەمان سەرچاوە، ل١٨٦.

(٨١) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج١، ص ٢٠٢.

(٨٢) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط (٧)،دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٨،ج١، ص ١٤.

(٨٣) کوری ئەبو بەکر ناسراو بە (باویل ئاغا) کوری مەلا عەزیزی کوری مەلا عەبدوڵلایە، لە ساڵی ١٨٩٢ لە ڕەواندز لە دایک بووە، لە حوجرە و دواتر لە قوتابخانەی روشدیە لە ڕەواندز خوێندویەتی، دوای داگیرکردنی ڕەواندز لە لایەن بەریتانیەکان دەکرێتە بەڕێوەبەری پۆلیس، بەلام بە هۆی هەلگەرانەوەی لە بەریتانیەکان لەم پۆستە لادەدرێت، بەشداری لە بزوتنەوەی بارزان لە سالانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥ کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ مردووە. ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، ڕەواندز ١٩١٨. ١٩٣٩، چ٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٨،ل٣٩.

(٨٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ٧.

(٨٥) ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشو،ل٤٤ ـ ٤٥.

(٨٦) ئیسماعیل کوری سەعید کوری عەولا پاشا کوری بەکر بەگە، لە ساڵی ١٨٩٥ لە ڕەواندز لە دایک بووە، دایکی ناوی لەعلی کچی مستەفا ئەلیاسە، یەکێک لە کەسایەتە ناسراوەکانی دەڤەرەکە بووە و خاوەنی زەوی و کێلگەیەکی زۆر بووە، ئاستی رۆشەنبیری باشی هەبووە و زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی زانیوە، لە لایەن بەریتانیەکان وەك حاکمی ڕەواندز لە ساڵی ١٩١٩ دیارکراوە، لە خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە ١٩٢٥ ـ ١٩٢٨ و خولی دووەم لە ١٩٢٨ ـ ١٩٣٠ وەك نوێنەری لیوای هەولێر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەن، بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەلەی ئازادی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٨ کردووە، لە ڕێگای گەرانەوەی بۆ ڕەواندز لە دۆڵی نیشاوی لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٣ لە بۆسەیەکدا لە لایەن بنەماڵەی باویل ئاغا دەکوژرێت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیاننامەی بڕوانە: ڕەنگین ئیبراهیم مستەفا، ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی رۆڵی لە بزاڤی سیاسییدا، چاپخانەی بینایی، هەولێر، ٢٠١٧،ل ١٠ ـ ٢٢؛ ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، سەرچاوەی پێشو،ل٤٣.

(٨٧) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ٨٠ ـ ٨١.

(٨٨) وەرگیراوە لە: دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص١٧.

(٨٩) المصدر نفسه، ص ٢٠ .

(٩٠) المصدر نفسه، ص ٣٤ ـ ٣٥.

(٩١) ماڵەکەی لە خانوێکی لاچەپی یەك نهومی لە خشت دروستکرا بوو، لە هۆڵێکی فراوان و دوو هەیوان پێک دەهات و حەوشەیەکی فراوانی هەبوو، ڕیزێک ژووری هەبووە بۆ خزمەتکار و ژووری چێشت لێنان و شوێنی وەستانی ئوتومبێل و ژووری تەویلەش هەبووە بۆ ئاژەل، بەشی دووەمی بارەگا و ژووری



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

پاسەوانەکانی بوو و دیوارەکەی کەلێنێکی تێدا کرا بوو بۆ مەبەستی بەرگری کردن و تەقەکردن بە ئاراستەی دەرەوە. کاپتن لاین، سەرچاوەی پێشو، ل ٧٠.

(٩٢) هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

(٩٣) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٠٢.

(٩٤) اى.ام.هاملتون، طريق فى كوردستان، ترجمة:جرجيس فتح الله، ط ٢، أربيل،١٩٩٩، ص ٢٣- ٢٤.

(٩٥) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٠٢.

(٩٦) عوسمان عبدالرحمن سمايل، هەولێر و شۆرشی ١٩٢٠ی عێراقی، هەولێر"گۆڤار"، ژ(١٦)، ٢٠٠٢،ل ١٠٩.

(٩٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.

(٩٨) السر ارنولد ويلسن،المصدر السابق، ص ١١٦.

(٩٩) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٠٤.

(١٠٠) المصدر نفسه، ص ١٠٥.

(١٠١) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٠٥.

(١٠٢) مەهدی محەمەد، سەرچاوەی پێشو، ل١٠٤.

(١٠٣) یەکێکە لە سەرۆکەکانی هۆزی دزەیی و لە ناوچەی کەندێناوەی سەر بە قەزای مەخمور دادەنیشێت، رۆڵی گرنگی هەبووە لە مانەوەی دەسەلاتی بەریتانیەکان لە هەولێر وجێگای متمانەی کاپتن هی بووە وحاکمی گشتی بەریتانی لە عێراق "ویلسن" بە پیاوێکی کە لە رەق وەسفی دەکات. بروانە: لوسیان رامبو،الكرد والحق، ت:عزيز عبدالاحد نباتى، ط ١، اربيل، ١٩٩٨، ص ٧٩.

(١٠٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص١٠٦.

(١٠٥) كمال مظهر احمد، ثورة العشرين في الاستشراق السوفيتى، ط ١، مطبة الزمان، بغداد، ١٩٧٧.، ص ٧٦.

(١٠٦) ستيفن هيملسي لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠ .تأريخ سياسي إجتماعي و إقتصادي، ت: سليم طه التكريتي، ط ١، مطبعة الحسام، بغداد، ١٩٨٨ .ج ١، ص ٢٠٣.

(١٠٧) ئەفسەرێکی (مبيعات محليه) بوو.

(١٠٨) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٣٨.

(١٠٩) السر ارنولد ويلسن، الثورة العراقية، ط ٢، لبنان، ٢٠٠٤، ص ١١٩.

(١١٠) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٣٨.

(١١١) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: عبدالمنعم الفلاحي، ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩-١٩٢٠،ط ١، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٦، ج١، ص ٣٤-٩١.

(١١٢) عوسمان عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو،ل ١١٣ .

(١١٣) دبليو.ار.هى،المصدر السابق، ج ٢ ، ص١٣٩-١٤٠.

(١١٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٤٢.

(١١٥) ناوی حوسێن کوری محەمەد کوری بایز ئاغا دزەیی یە، لە ساڵی ١٨٧٠ز لە دەشتی هەولێر لە دایک بووە، لە سەردەمی حوکمرانی پاشایەتی لە عێراق لە خولی شەشەم و نۆیەمی ئەنجومەنی نوێنەران وەك نوێنەری هەولێر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەن، ئاغای گوندی قازیخانە بووە و لەسەردەمی ئاغایەتی ئەودا راپەرینی جوتیارانی ١٩٥٣ی دەشتی هەولێر لەم گوندە دەست پێدەکات، لە ساڵی ١٩٥٧ مردووە لە گوندی قازیخانەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە نێژراوە. مەهدی محەمەد، سەرچاوەی پێشو،ل ١٠٩.

(١١٦) هادى رشيد الجاوشلى، المصدر السابق، ص ٢٥.

(١١٧) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٥١.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

(١١٨) المصدر نفسه، ص ١٤٦-١٤٧.

(١١٩) ارنولد ويلسن،المصدر السابق، ص ١١٩.

(١٢٠) المصدر نفسه، ص ١١٩.

(١٢١) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٤٩.

(١٢٢) المصدر نفسه، ص ١٥٠.

(١٢٣) المصدر نفسه، ص١٤٥.

(١٢٤) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص ١٥٣.

(١٢٥) المصدر نفسه، ص ١٥٤.

(١٢٦) المصدر نفسه، ص ١٥٥.

(١٢٧) کەمال مەزهەر،چەند لاپەرەیەك...، بەشی یەکەم، ل١٦٩ -١٧٠.

(١٢٨) ايوب بارزانى، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨،ط ١، دار نشر حقائق المشرق، ٢٠٠٢، ص٣٠.

(١٢٩) عوسمان عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠-١١١.

(١٣٠) دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢ ، ص١٥٨.

(١٣١) کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك...، بەشی یەکەم، ل١٦٨.

(١٣٢) بۆ زیاتر زانیاری بروانە : دبليو.ار.هى، المصدر السابق، ج ٢، ص ١٧٢،١٦٤.

(١٣٣) المصدر نفسه، ص ١٧١ - ١٧٢.

## سەرچاوەکان:

### . بەلگەنامە بلاوکراوەکان.


B.N.A,Title: Hay, Sir William Rupert , No: GB165-0138, in 1911 – 1956.
The London Gazette , No; 31131, in 17 Januaey 1919.
B.N.A,Title : Hay, Sir William Rupert , No: GB 165-0138, in 1911 – 1956.


### . بلاوکراوە حکومیەکان.

#### . بەریتانیەکان.


Iraq Administration Report 1914-1932.vol (5),Administration Report of The Arbil.


### . عێراقیەکان.


. المملكة العراقية، وزارة الداخلية، الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ (موسوعة سنوية، إدارية، اجتماعية، اقتصادية، تجارية، زراعية، مصورة)، بغداد، ١٩٣٦.

## . کتێبەکان

### . بە زمانی کوردی.


- ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، ڕەواندز ١٩١٨ . ١٩٣٩، چ٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٨.
- رەنگین ئیبراهیم مستەفا، ئیسماعیل بەگی رەواندزی رۆڵی لە بزاڤی سیاسییدا، چاپخانەی بینایی، هەولێر، ٢٠١٧.
- ڕاپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك ماوەی (١ی کانوونی یەکەم تا ٣١ی کانونی دووەم ١٩١٩)، وەرگێرانی سەربەست کەرکوکی، چ ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- عەبدوللا غەفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥.
- فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی مووسڵ، و: محمد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩.
- کمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چ ١، بەغدا، ١٩٨٥، ب١.
- مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان سالانی ١٩١٤ . ١٩٣٠، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٨.
- نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، هەولێر لە نێوان سالانی ١٩١٨ . ١٩٢٦ دا، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.


### - بە زمانی عەرەبی.


- ألبرت.م.منتشاشفیلی، العراق فی السنوات الانتداب البریطانی، ط١، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٨.
- السر ارنولد ویلسن، الثورة العراقیة، ط٢، لبنان،٢٠٠٤.
- ای.ام.هاملتون، طریق فی کوردستان، ترجمة:جرجیس فتح الله، ط٢، اربیل،١٩٩٩.
- ایوب بارزانی، المقاومة الکردیة للاحتلال ١٩١٤ـ١٩٥٨،ط١، دار نشر حقائق المشرق، ٢٠٠٢.
- جی. کلیبرت.براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥ . ١٩٣٢،ت: د.مؤيد ابراهيم الونداوي، مراجعة: رفيق صالح، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٦.




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- ستيفن هيملسي لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠. تأريخ سياسي إجتماعي و إقتصادي، ترجمة :سليم طه التكريتي، ط١، مطبعة الحسام، بغداد، ١٩٨٨، ج ١.
- شيرزاد شيخ محمد، الاثار الدينية فى اربيل (المقابروالمساجدوالجوامع والتكايا القديمة فى اربيل)، ط١، اربيل، ٢٠٠٢.
- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٧، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٨ ، ج١.
- ــــــ ، العراق قديماَ و حديثاَ ط١، دار الرافدين للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠١٣.
- عبدالمنعم الفلاحي، ثورتنا في شمال العراق ١٩١٩-١٩٢٠،ط١، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٦، ج١.
- كمال مظهر احمد، ثورة العشرين فى الاستشراق السوفيتى، ط١، مطبة الزمان، بغداد، ١٩٧٧.
- لوسيان رامبو،الكرد والحق،ترجمة :عزيز عبدالاحد نباتى،ط١،اربيل، ١٩٩٨.
- محمد سلمان محمد، طلائع الثورة العراقية/ العامل الاقتصادي في الثورة العراقية الاولى، ط٢، بغداد،١٩٥٨.
- مختارات من كتاب الموصل وكركوك فى الوثائق العثمانية، ت :خليل على مراد،ط١، مطبعة شظان، السليمانية، ٢٠٠٥.
- مير بصري، أعلام الكرد، ط١، لندن - قبرص، ١٩٩١.
- هادي رشيد الجاوشلي، تراث اربيل التاريخي،ط١، مطبعة جامعة الموصل، موصل، ١٩٨٥.

## - یاداشتەکان.

### - بە زمانی کوردی.

- کاپتن لاین، کورد عەرەب بەریتانییەکان - بیرەوەییەکانی کاپتن لاین لە مەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩ - ١٩٢٩،و: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- مێجەر نۆئێل، یادداشتەکانی مەیجەر نۆئێل لە کوردستان، و: حسین احمد جاف، حسین عثمان نێرکسەجاڕی، بەغداد، ١٩٨٤.

### - بەزمانی عەرەبی.

- دبليو.ار.هى، سنتان في كردستان ١٩١٨- ١٩٢٠، ت: فؤاد جميل، ط١، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣،ج(١).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

- مذكرات دبليو.ار.هى . حاكم أربيل السياسي في كردستان أيام الاحتلال البريطاني ١٩١٨ - ١٩٢٠م.

## - گۆڤارەکان.

عوسمان عبدالرحمن سمايل، هەولێر و شۆرشی ١٩٢٠ى عێراقی، هەولێر"گۆڤار"، ژ١٦، ٢٠٠٢.

## - مالپەرەکان.

https://or.wikipedia.org
https://en.m.wikipedia.org

# الدور السياسي للكابتن " هَي " في مدينة هَولير ( أربيل )

# ١٩١٨ - ١٩٢٠

**الملخص:**

اتبع البريطانيون نظاماً خاصاً لادارة المناطق التي احتلوها في العراق أثناء الحرب العالمية الاولى (١٩١٤- ١٩١٨ ) ، وما بعدها مباشرةً ، إذ عيَنوا ضباطاً سياسيين لادارة الالوية ، ومساعدين ضباط سياسيين لادارة الاقضية . وكان الكابتن هَي قد لعب دوراً أساسياً في أخذ مدينة أربيل من القوات العُثمانية وبقي فيها لعدة أيام فقط قام فيها ببعض الاعمال الاولية . وفي حزيران ١٩١٩ صدر أمر تعيينه مساعد ضابط سياسي في أربيل ، وباشر بوظيفته في تموز من ذلك العام , واستمر فيها لغاية مغادرته المدينة في ١٣ تشرين الاول ١٩٢٠ .

كان للكابتن هَي دور واضح في تنفيذ السياسة البريطانية في أربيل وأطرافها وإدارة شؤون المدينة و بصورة خاصة دوره في وضع أسس العلاقة مع أصدقاء بريطانيا في أربيل وأطرافها ، وتشَدده ضد المناوئين لبريطانيا ، وقد تمكن من السيطرة على الوضع في المدينة وإحباط محاولات القيام بانتفاضة ضد البريطانيين فيها , ومعاقبة كل من عملوا ضد بريطانيا في المدينة .

***الكلمات الدالة: دبليو. ار. هى، هولير، كردستان، بريطانيا، ولاية الموصل.***



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# The Political Role of Captain Hay in Hawler ( Erbil ) 1918-1920.


## Abstract:

The British authorities applied a special system for the administration of the territories occupied by them in Iraq during World War I (1914 – 1918 ) and its aftermath immediately . They appointed political officers for the administration of divisions ( Liwa ), and assistant political officers for the administration of sub - divisions ( Qaza ).

Captain Hay played an important role in taking Erbil city from Ottoman military forces, and stayed there for several days undertaking some primary works. In June 1919 Captain Hay was appointed as assistant political officer in Erbil and began his job in July of the same year , until his departure on November 13.1920.

The role of Captain Hay was prominent in fulfilling British policy in Erbil and its surrounding , and administering the city, especially his role in putting the bases of relations with the pro – British persons and intensification in dealing with anti – British persons in the city. He was able to control the city and frustrate the attempts to organize an uprising against the British occupation .



***Keywords:*** *W. R. Hay, Erbil Kurdistan, British, Mosul.*